

# لێکدانەوەی مارکسی بۆ مێژوو

کامەران محەممەد

.................................................................

پێشەکی:

لێکدانەوەی مارکسیی بۆ مێژوویاخود ماددێتی مێژوویی هەوڵدانێکە بۆ لێکدانەوەی مێژووی مرۆڤایەتی لەسەر بنەڕەتە ماددیەکان، واتە لەسەر بنەڕەتی ئەوەی کە ماددە ئەزەلی وهەمیشەیی‌وبەدیهێنەری هەمووبەدیهێنراوەکانی گەردوونە، مرۆڤوهزریش بەرهەمی ماددەن‌وهەریاساکانی ماددەشن، لەخودی خۆیاندا تەحەکوم بەژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانەوە دەکەن.

بارودۆخی ماددی‌وئابورییە کە شێوەی ژیانی مرۆڤایەتی لەهەر چرکەساتێك لەچرکەساتەکان‌ولەهەرقۆناغێك لەقۆناغەکاندا دەگونجێنێت، ئەوە ئەوبنەڕەتەیە کە هزروهەست‌ودامودەزگاوسیستەمەکانی لێوە هەڵدەقولێت، کە مرۆڤ لەژیانیدا دروستیاندەکات.

بەمشێوەیە لێکدانەوەی مارکسی بۆ مێژوولێکدانەوەیەکە لە ڕاڤەکردنی ڕووداوەکانی مێژوودا بانگەشەی زانستێتی‌و راستێتی خۆی دەکات، ئەویاسا حەتیمانەش دیاریدەکات، کە لەکۆمەڵگەکاندا تەحەکوم بەژیانی مرۆڤایەتیەوە دەکەن.

جاتوێژینەوەی زانستیانەی ئەم لێکدانەوەیە لەوەوە هاتووە کەماوەیەکی زۆر ئەم لێکدانەوەیەکرایە بابەتێکی زانستیوتێکڕایی لێکدانەوەکانی دیکە بەرکەنارخرانولەبەشێکی زۆری ولاتانی بلۆکی سۆشیالیزمداو دەوڵەتە هەوادارەکانی ئەوبلۆکە بووە میتۆدی خوێندنگەکانو تێیدا خوێندکارەکانی پێگۆش دەکرا. لەلایەکی دیکەشەوە لەپاش روخانی زۆرینەی ولاتانی ئەوبلۆکە هێشتا لەزۆر ناوەندی رۆشنبیریدا بەهەمان چاوی زانستێتییەوە دەڕوانرێتە ئەولێکدانەوەیە.

سەرەڕای ئەودووخاڵە خاڵێکی گرنگی دیکە هەیە، کە ئێمەی کورد و رۆشنبیرییەکەمان تائێستا زۆر بەکەمی باسیان لەوتەرزوتیۆرییە فەلسەفیانە کردووە، واتە ئەبستمۆلۆجیای مێژووییمان تا ئێستا بەدەست لاوازییەوە دەناڵێنێت.

ئێمەش بۆ ئەوەی پشکدارییەکی خاکێتیانە لەم بوارەدا بکەین، هەوڵمانداوە بەمیتۆدێکی زانستیانە بچینە نێوتوێژینەوەکەوە، جا توێژینەوەکەمان بەسەرچوارباسدا دابەشکردووە: لەباسی یەکەمدا باسمان لەوسەرچاوە فکریو فەلسەفیانە کردووە، کە تیۆرییەکە پشتی پێبەستووە، لەباسی دووەمیشدا چەمکی ئەوزاراوە بنەڕەتیانەمان روونکردوەتەوە کە تیۆرییەکە بەکاریهێناونوواتای دیاریکراوی خۆیان هەیە، لەباسی سێیەمیشدا پشت ئەستۆر بە بۆچوونوگوتەی رێبەرانی ئەوتیۆرییە پوختەی تیۆرییەکەمان خستووەتەڕوو، لەباسی چوارمیشدا هەستاوین بەهەڵسەنگاندنوشەنوکەوکردنێکی زانستیانەو واقیعیانەو لۆجیکیانەی لێکدانەوەکەو لەدووتوێی چەندەها خاڵدا سەرنجو رەخنەکان چڕکراونەتەوە، بێگومان ئەم توێژینەوەیە وەك تێکڕای توێژینەوەکانی دیکە بێ گرفت نەبووەوکەمی سەرچاوەکان گرفتێکی بەرچاوی بەردەم توێژینەوەکە بووە، پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە چەند سەرچاوەیەکی بەهێزوئاست بەرزی هزری لەتوێژینەوەکەدا بەکارهاتووەو بەئەندازەیەکی زۆر وەك یەك لێیان سودمەندبووین.

لەکۆتایدا هیوادارم بەم کارەم توانیبێتم کەلێنێکی بواری فەلسەفەی مێژووپڕبکەمەوەو بەهەمانشێوەش توانیبێتم بەردێك لەسەر دیواری ئەبستمۆلۆجیای مێژوویی کورد دابنێم.

## سەرچاوەکانی مارکسێتی

بێگومان ئەگەر بەووردی لەتێکڕای نوسینەکانی کارل مارکس (Karl Marx) (١٨١٨ – ١٨٨٣)وفردریك ئەنگلز (Fredric Engels) رابمێنین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە گرنگییەکی زۆریان بەلێکدانەوەی مێژووداوەوئەولێکدانەوەیە بووەتە بناغەیەکی مارکسێتی، ئەم لێکدانەوەیەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر تێڕوانین‌و هەست‌و بیروباوەڕی مرۆڤەکان جێهێشتووە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی شوێنەواری تەواوی بەسەر بیری سیاسی نوێوە دیارە.

تێکڕای سەرچاوە جیاوازەکانیش جەخت لەسەر ئەوڕاستیە دەکەنەوە کە نە (مارکس)ونە (ئەنگلز) داڕێژەری لێکدانەوەی دیالێکتیکی نین بۆ مێژوو.[١] (مارکس)و(ئەنگلز) بەگشتی یەك باوەڕوتێڕوانیان هەبوو، ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێت کەهەردووکیان لە ڕووی بیرکردنەوەوە تەواووەك یەك بوون، بەڵکوگەشەکردن‌وبواری گرنگیدان‌و جۆری زانین‌وبەهرەوەرییان لایەنی تەواوجیاوازی هەبوو، بەلاّم هەردووکیان هەوڵیاندەدا لەبواری تیۆری‌وپراکتیکیدا خۆیان لەگەڵ یەکدا بگونجێنن، گوێیان بۆ ئامۆژگاری یەکتر شل دەکردوسودیان لەبۆچوون‌وتوانای گیانی یەکتر وەردەگرت، لەبەرئەوەشە بەرهەمەکانیان ئادگاری یەکگرتنی پێوەیەوهەردووکیان بەیەکەوە بوونەتە بنیاتنەری مارکسێتی.[٢]

جا لەبەرئەوەی مارکسێتی کۆکراوەی چەند سەرچاوەیەکی جیاوازی پێش خۆی‌وداڕشتنەوەیەتی لەتیۆرێکی نوێدا، لەبەرئەوە ناتوانین بەتەواوی لەمارکسێتی بگەین ئەگەر بێتووبەتەواوی بەوسەرچاوە جیاوازانە ئاشنا نەبین، گرنگترین ئەوسەرچاوانەش بریتین لە:

أ) فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانی:

(مارکس) لەپێشەکی کتێبەکەیدا (ڕەخنە لەئابوری سیاسی) کە لەساڵی (١٨٥٩) بلاّویکردەوە، بەمشێوەیەی وەسفی گەشتە هزریە درێژەکەی خۆی هەتاوەکودانانی (مانفێستی کۆمۆنیزم) دەکات، ئەوئەوە روون دەکاتەوە کە خوێندنی سەرەکی لەزانکۆدا لەدەوری زانستی فقهە خولاوەتەوە، ئەوزانستەی کە (کە خۆی بۆ تێڕوانین لێی تەرخانکردبوو، سەرەڕای ئەوە، لەڕوانگەی پەیوەندییەکانی بەتوێژینەوە فەلسەفی ومێژووییەکانەوە بەوپێ یەی کەشتێکی

لاوەکین سەبارەت پێی) جا ئەویەکەم جار لە (بۆن) دەستی بەخوێندن کردوپاشان چووە زانکۆی (بەرلین)، کە ئەوکات (فیختە) سەرۆکی یەکەم بوو، دواتر ملی بۆ کەسێتی بەهێزوهەژمونداری (هیگڵ) نەوی کرد، لەوێ بە فەلسەفەی (هیگڵ) ئاشنابووچووە ڕیزی (هیگڵ پەروەرانی لاو)، بۆیە بووە هاوڕێیەکی خۆشەویستی (برونوبوویر)و(کوپین-koppen)وتێکڕای ئەوکۆمەڵەی کە لێکدانەوەیەکی (چەپگەرانی) یانەیان بەهزری ئایدیالیستی هیگڵ دەبەخشی.[٣]

پەیڕەوکەرانی ئەم ڕێبازە پێیانوابوخۆیان نوێنەرایەتی ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانە دەکەن، بەڵام ئەمانە بەرلەهەمووشتێك بەتەمای شۆڕشێکی گیانی (رۆحی) بوون، شۆڕشێك لەناوئاییندا، ئەمانە پێیانوابووشۆڕشێکی لەوبابەتە شۆڕشێکی سیاسی بەدوای خۆیداکێش دەکات، کەواتە تێڕوانینی مێژوویی ئەمان بەئاشکرا ئایدیالیستانەبوو.[٤]

(مارکس) و(ئەنگلز) هەرزووپشتیان کردە ئەم ئایدیالیزمەو هەوڵی هەڵنانی دیالیکتیکی مەتریالیستانەیاندا، ئەمان بەردەوام دانیان بەوەدادەنا کەجۆرە پەیوەندییەکیان بەمیتۆدی (هیگل)ەوە هەیە، ئەومیتۆدەی (مارکس) گوتەنی (هیگڵ) لەسەر سەر، واتە بیررایگرتبوو، (مارکس) و(ئەنگلز) خستیانە سەرپێ.[٥]

(هیگل) سووربوولەسەرئەوەی هەمووئەوشتانەی گۆڕانیان بەسەردادێت لەجیهانی ماددی راستەقینەدا، تەنها ڕەنگدانەوەیەکی ئیرادیانەی پێشکەوتن‌وپەرەسەندنی (گیانی جیهانی)ە، بەڵام (مارکس) جەختی لەسەر راستەقینەیی جیهانی دەرەکی دەکردەوە وئەوەی رووندەکردەوە کە نموونەی باڵا (المثل العليا)وهزرەکانی ئادەمیزاد بەرهەمی ژینگەی ئابورین‌وئەوگۆڕانکاریانەی کەتێیدا روودەدەن.

لەبەرئەوە بوونێکی سەربەخۆوتایبەت بەخۆی نیە، بێگومان ململانێی دژەکان (المتناقضات) یش لەجیهانی هرزەکاندا ڕوونادات، وەك (هیگڵ) بانگەشەی بۆ دەکرد، بەڵکولەجیهانی واقیعی وکاروباری خەڵکیدا روودەدات بەهۆی ئەوگۆڕانانەی لەقەوارەی ئابوری کۆمەڵگەدا روودەدات.

مارکس زۆر هەڵەی لەسیستمی (هیگڵ)دا بەدیدەکرد، هەروەکولەدەقێکی بەناوبانگی پێشەکی بەشی یەکەمی کتێبی ( سەرمایە)دا روونیکردووتەوە کە دەڵێت: "بێگومان شێوازی دیالیکتیکیم تەنها شێوازێکی جیاوازی (هیگڵ) نیە، بەڵکوبەتەواوی پێچەوانەیەتی، لەبەرئەوەی کرداری (بیرکردنەوە) لای هیگل بەدیهێنەری جیهانی راستەقینەیە، بەلاّم من دەبینم کە بیرۆکە (الفكرة) جگە لە جیهانێکی ماددی شتێکی دیکەنیە، پاش ئەوەی کە لە زیهنی مرۆڤدا رەنگ دەداتەوەو لەشێوەی هزرەکاندا دایدەرێژێت".[٦]

(مارکس) زۆرشانازی بەبردنی لۆجیکی دیالیکتیکی (هیگڵ)وئەوهەڵگەڕانەوەیە لە(سەر)ەوە بۆ (پێ) دەکرد، بەلاّم ئەوبەدیاریکراو(بالتحديد) مەبەستی ئەوەنەبوو، چونکە دەبینین لۆجیکی دیالیکتیك لای (هیگڵ) بەهزر دەست پێ دەکات، پاشان بۆ سروشت دەگوازرێتەوەوبەژیری کۆتایی دێت، مارکسیش ئەوباروودۆخەی هەڵنەگێڕایەوە، جا ئاماژەی بۆیەکەم ودووەم (هزر وسروشت) دەکرد بەتەنها، نەك سێیەم، مەبەستیشی ئەوەبووکە لوجیکی (هیگل) لە دیالیکتیکدا بەهزر دەستی پێدەکردوبەسروشت کۆتایی دەهات، بەلاّم لۆجیکی جەدەلی ئەوبەسروشت دەستی پێدەکردوبەهزر کۆتایی دێت.[٧]

(مارکس) لەنامەکەیدا بۆ(kngelmann) لەساڵی (١٨٦٨)دا دەڵێت:" دیالیکتیکی (هیگڵ) بریتییە لەشێوەی بنەڕەتی هەموودیالێکتیکەکان، بەلاّم بەدابڕانی لەشێوە پەنهانەکەی (mystical form)، ئەوە بەتەواوی ئەوشتەیە کەشێوازی من جیادەکاتەوە.[٨]

بۆیە ماوەیەکی درێژخایەن مشتومڕ لەسەرئەوە هەبووکە ئایا (هیگڵ) چ سەنگێکی لەتیۆری مارکسێتیدا هەیە؟ بۆ وەلاّمدانەوەی ئەم پرسیارە دووەلاّم گەلاڵە بوو، یەکەمیان پێیوابووکە (مارکس وئەنگلز) لەبەرهەمە ڕسکاوەکانیاندا تەنها چەند ئاماژەیەکی بە ئەدەبانە بۆ مامۆستای لاوێتیان دەکەن.

دووەمیشیان پێیانوابوومارکسێتی تەنها جۆرەگەشەکردنێکە لەفەلسەفەی هیگڵەوە، لەبەرئەوە ئەوەی دەیەوێ بەڕاستی لەمارکسێتی بگات، دەبێ لەهەموفەلسەفەی هیگڵ بکات، چونکە کلیلی مارکسێتی لەوێدایە.[٩]

بێگومان دەتوانین بڵێین ئەم دووبۆچوونە جۆرە پەرگیرێتییەکیان تێدابوو ودەتوانرێت لەنێوانیاندا رایەکی لەبارونزیك لەراستیەوە دەربېرێت، ئەویش ئەوەیە لەلایەکەوە ئاشکرایە کەدیالەکتیکی هیگلی رۆڵێکی گرنگی لەدارشتنی تیۆری مارکسێتیدا هەبووە، لەلایەکی دیکەشەوە ئاشکرایە کە مارکس‌وئەنگلز لەچەندین خاڵی گرنگدا نەك تەنیا ئایدیالیزم لە فەلسەفەی هیگل لایان داوە.

ب. ئابووری سیاسی کلاسیك:

بێگومان سەرچاوەی دووەمی مارکسێتی، ئابوری سیاسی کلاسیکە، (ئەنگلز) لەئینگلترە بەتیۆرییەکانی (ئادەم سمس)و(داڤید ریکاردۆ) ئاشنابوو، ئەوددەمەش کە (مارکس) پروسیای نائارامی بەجێ هێشتبوو، لە پاریس نیشتەجێبوووئەوتیۆریانەی لەوێ ناسی، (مارکس) بەدەیانساڵ سەرگەرمی تیۆری ئابوری سیاسی بوو، (ریکاردۆ)ی کردبووە نزیکترین دەراو، بەڵام لەخاڵی گرنگیشدا لێی لادابوو، (مارکس) لای وابوو(تیۆری زێدەبەها) بنەمایەکی پتەوی بۆ خەباتی شۆرشگێرانە دارشتووە، "لەوەددچێ ئەمە گەورەترین بەرد بێت گیرابێتە سەرمایەدارێتی (capitalism)" مارکس ئەم گوتەیەی پاش بلاوکردنەوەی یەکەم بەرگی سەرمایە ١٨٦٧ نوسیووە.[١٠]

جـ. سوسیالیزمی پێشین:

(مارکس) لە پاریس سوسیالیزمی پێشینی ناسی، دەتوانرێت ئەوتێروانینەی کەوا دەروانێتە مێژووی مرۆڤایەتی کە (توێژینەوەی جەنگی نێوان چینەکانی کۆمەڵگەیە) لای (سان سیمۆن Saint simon) ببینرێت، کە زۆر لەمێژوونوسە فەرەنسیە ئازادیخوازەکانی سەردەمی خۆی وەك (تیری Thierry)ومگنیە (Mignet) ومێژوونوسی پارێزگار (گیزۆ cuizot) باوەریان پێهێنا.

بەڵام تیۆری زانستی حەتمییەتی رووداوی قەیرانە ئابورییەکان بە شێوەیەکی رێکخراو، رەنگە یەکەم کەس کە داینابێت (سیسموندی sismondi) بێت، بەڵام تیۆری زانستی بۆ دەرکەوتنی چینی چوارەم (Fourth esrade) بێگومان شیوعییە سەرەتاکان بەکاریانهێنا ولەئەڵمانیا لەسەردەمی مارکس هەریەك لە (فون شتاین vonstein )و(هیس hees) بانگەشەیان

بۆكرد، بەلاَم زالَبونی ڕەهای چینی كرێكار (دیكتاتۆرێتی پرۆلیتاریا) ئەوا (بابویف babeuf) هێلَە پانەكانی بەشێوەی سێبەردانا، ئەوەش بەشێوەیەكی دیار لە دەیە كۆتاییەكانی سەدەی هەژدەهەمدا، هەریەك لە (فایترلنخ weitliing)و(بلانسكی blanqui) لەسەدەی نۆزدەهەمدا ئەوبیرۆكەیەیان بەشێوەی روونتروجیاواز دانا، (لوی بلان Louisblane)وسوسیالیزمەكانی دەولَەتی فەرەنسی زیاتر مەلَبەندی ئێستاوداهاتووی كرێكارانوگرنگیان لەدەولَەتی پیشەسازیدا روونكردەوە، بەشێوەیەكی تەواوتر لەوەی كە ماركس رێبكەوێت لەسەر بڕیاردانی [11]

(ماركس)و(ئەنگلز) لەژێر تاوی ئەمەدابوونوبڕوایان بەوەهێنا كە پرۆلیتاری گەشەكردووی پیشەسازی ئەوچینەیە كە شۆڕش دژبەكۆمەلَگەی دامەزراوی بۆرجوازی بەرپادەكات، پاشان (ماركس)و(ئەنگلز) پشتیانكردە ئەورێبازە سوسیالیستانەی لەئارادابوونوبەناسیونالیزمی یۆتۆپیایی ناوزەدیان كردوخۆیان تیۆرییەكی شۆڕشگێڕانەی سەربەخۆیان دارِشت، ئەم تیۆریە یەكەم دارِشتنی رسكاوی لە (manifest derkamm unistichen parten) (مانیڤێستی كۆمۆنیستانە ١٨٤٨)دا بەرجەستەبوو، كەهەردووكیان بەیەكەوە لەسەر خواستی یەكێتی نێونەتەوەیی كۆمۆنیستانە نوسیان[12]

د. ماددێتی (ماتەریالیزم):

بێگومان ماددێتی مێژوویی سادە دەتوانرێت لەوتوێژینەوەیەدا بەدیبكرێت كە (هولباخ holoach) پێش لەسەدەیەك ئامادەی كردبوو، بەلاَم (فویرباخ feur bach) بەشێوەیەكی نوێ لەرۆژگاری خودی ماركسدا جارێكی دیكە بڕیاری لەسەردایەوە.[13]

بێگومان ماركس پێش دوورخستنەوەی لەئەلَمانیا كەوتەژێر كاریگەرییەكی تەواوی فویرباخ (١٨٠٤ – ١٨٧٢) كە لەسالَی ١٨٣٩ دا كتێبەكەی (رەخنە لەفەلسەفەی هیگلی) (Gri haque of the Hegelian philosophy)وسالَی ١٨٤١ بەناوبانگترین كتێبی (كرۆكی مەسیحێتی the essec of Christianity) بلاَوكردەوە، فیورباخ زیاتر لەهەمووهاورێكانی ئەوفەیلەسوفە بووكە ئایدیالیستێتی هیگلی لەشوێنی پێشەوەوسەرەوە دورخستنەوە كە ئەوفەلسەفەیە لەجیهانی بیری ئەلَمانیدا داگیری كردبوو، لەجێگەشیدا ماددێتی دانا، بەسووربوونی لەسەرئەوەی كەسەربەن(منطق)ی هەموفەلسەفەوهەمووبیركردنەوەیەكی كۆمەلاَیەتی (خود) یاخود

(بیرۆکە) نییە، بەڵکو(مرۆڤ)ە، جا ماددێتی فیورباخ لەکرۆکدا لەسەر ئەوشوێنگرتنەوەی مرۆڤ بۆ خودا دامەزرا بوو، وەك سەربەنێك بۆ هەمووبیرکردنەوەیەکی فەلسەفی واقیعی، بێگومان فیورباخ نەیدەگوت جەستەوژیری یەك شتن، یاخود ژیری جگە لە مۆخ شتێکی دیکە نیە، بەڵکوئەوجەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە گیان (رۆح) بەبێ جەستەنابێت، دەبێتوزەروورییە لەچەمکی مرۆڤەوە هەنگاوبنێین، وەك ژێرییەك لەجەستەدا، نەك لەهەر دوالیزمێتیەك کە جەمسەرەکانی ماددەوگیان بێت.[١٤]

کاریگەری ئەولەسەرمارکس لە (نامەکانی دەربارەی فیورباخ) theses on feur bach دەردەکەوێت، لە کاتێکدا ئەم نامانەی نووسی کەسەرگەرمی هەستان بووبەپرۆسەی ئازادکردنی ژیری خۆی، دواتریش ئەنگلز بەروونتر لەنامەکورتەکەیدا دەربارەی فیورباخ ئەمەی سەلماندوئەوشوێنەوارە مەزنەی کە رێبازی فیورباخ لەسەر پێشخستنی فەلسەفەکەی وفەلسەفەی مارکسدا بەجێیهێشتبوو، ختیەروو.[١٥]

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە مارکسێتی چەند چاوگێکی جیاوازی هەیەوئەوزاراوانەی نیۆمارکسێتیش کە بووەتە خەسڵەتێکی بیروباوەڕەکەوتا ئەندازەیەکیش ئاڵۆزە، هەر رەنگدانەوەی ئەوسەرچاوانەن، بۆ نموونە چەمکی فەلسەفی هیگڵ سەرچاوەی هەرە نزیکە لێرەدا: دیالێکتیك، دژەکان، دژوەستاو، دەرەکی، ناوەکی، حەتمی، چەندێتی، چۆنێتی.

چەمکی ئابوری سیاسی: بەهای بەکارهێنان، بەهای گۆڕینەوە، زێدەبەها سەرمایە بەرهەم هێنان، دابەشکردن، ئەوچەمکانەش کە پترگرێدراوی نەریتی سۆسیالیستانەن: شۆڕش، چینی کرێکار، بۆرژوا،...تاد.

بۆیە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەمارکس‌وئەنگلز سودێکی زۆریان لەفەلسەفەوبۆچوونی بیرمەندە سوسیالیزمەکان‌وئابووری سیاسی کلاسیك‌وماددێتی پێش خۆیان وەگرتووەوزۆر بەووردی لەدووتوێی (سیاق) یەکی جیامەندا کۆیانکردۆتەوەوبەدیدێکی تایبەتەوە دایانرشتووەتەوە.

بۆیە هەر توێژینەوەیەك دەربارەی مارکسێتی ئەنجام بدرێت، دەبێت ئاگاداری ئەوسەرچاوانەبێتوبەبێ ئاگاداربوون لەوچاوگانە توێژینەوەکە ناتوانێت ئامانجەکانی بەدیبێنێتوتوێژینەوەیەکی تەواو(کامل) وسەرکەوتوونابێت.

چەمکی زاراوەکان

پێش ئەوەی بچینە نێوقولاٌیی خستنەڕووی تیۆری مارکسی بۆ مێژوو، بەپێویستی دەزانین بەچەمکی ئەوزاراوانە ئاشنابین، کە لەوتیۆریایەدا هاتوونوئەوواتایانە بخەینەڕووکە ئەوئەدەبیاتە لەبەکارهێنانی ئەوزاراوانەدا مەبەستێتی، چونکە تێگەیشتن لەزاراوەکانی نێوهەرتیۆر وئایدیۆلۆجیایەك بەوچەمکەی کە ئەوتیۆروئایدۆلۆجیایە مەبەستیەتی کلیلی تێگەیشتنی خودی تیۆرو ئایدۆلۆجیاکەیە، گرنگترین ئەوزاراوانەش کە لەتیۆری مارکسێتی بۆ مێژوودا بەکارهاتوون بریتین لە:

١. هۆیەکانی بەرهەمهێنان

هۆیەکانی بەرهەمهێنان بریتین لەزەویوسامانە سروشتەیەکانو درەختو کەرەستەکانی دیکە، بێگومان بەبێ بەکارهێنانی ئامڕاز (أداة) ناتوانرێت سروشت بگۆڕدرێت، بۆیە بەرهەمهێنانی خێراتە ماددیەکان لەپێش هەمووشتێکدا لە دروستکردنی ئامڕازەکانی کاروبەکارهێنانیدا دەستپێدەکات، ئەوەیە کە مارکس دەڵێت: پەیکەری بەرهەمهێنانی ئێسکیوماسولکەیی پێکدەهێنێت، جا لەپێناوبەرهەمهێناندا دەبێت قسەلەسەر ئامێروبزوێنەر(مکینە)وئامڕازەکانی دیکەی کاربکەین. ئەوشتانەی کە مرۆڤ بە مەبەستی کارکردن لەسروشتو بنیاتنانەوەی لەپێناوبەرژەوەندی مرۆڤو کۆمەڵگەدا دای دەهێنێت، کەپێیان دەوترێت (ئامڕازەکانی کار)، هەرلەسەرەتای بوونی مرۆڤەوە کاتێك کە لەژیانێکی دابڕاویدا دەژیان، نەیان دەتوانی دەستبەرداری سادەترین ئامێر بن، وەك تەوری بەردین، جا لەگەڵ پەرەسەندنی مرۆڤایەتیدا بە بەردەوامی رۆڵی ئامڕازەکانی کاریش لەزیادبوونوگەورەبووندابوون، تەنانەت لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا کرداری بەرهەمهێنان شتێکی نەشیاوە بەبێ ئامڕازو ئامێری ئاڵۆزی ئەوتۆ کەهێزی هەڵم یا کارەبا یاخود ووزەی ئەتۆمی نەیجوڵێنێت.

سەرەڕای ئامرازەکانی کار بەرهەمهێنانی کۆشکی کارگەوکۆگا وزەو میانجیگەرییەکانی گواستنەوە (**وسائط النقل**) دەخوازێت، هەمووئەوشتانە پێکەوە لەگەڵ ئامرازەکانی کاردا پێیدەوترێت هۆکارکانی کار (تەکنیك)، هۆکارەکانی کاریش لەگەڵ بابەتەکانی کاردا هۆیەکانی بەرهەمهێنان پێکدەهێنن. [١٦]

٢. هێزەکانی بەرهەمهێنان

هێزەکانی بەرهەمهێنان بریتین لەهۆیەکانی بەرهەمهێنان کە کۆمەڵگە دایدەهێنێت ولەپێشیانەوە ئامرازەکانی کارولەگەڵ خەڵکیدا، ئەوانەی کە دارای شارەزایی بەرهەمهێنانن‌وزیرەکن لەکارداوبەرهەمهێنانی بەرووبوم (خیرات)ە ماددیەکانی بەدیدێنن، بۆیە هێزە بەرهەمهێنەرەکان گوزارشت لە پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگەوسروشت دەکەن‌وئاستی گەشەکردنیشی بەڵگەیە لەسەرماوەی زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر هێزە سروشتیەکاندا.

ئەوئاستەش پێش هەمووشتێك بە ئامرازەکانی کاروپلەی توێشوداركردنی بەرهەمهێنان بە وزەکان‌وڕێکخستن‌وتەکنەلۆجی بۆ کرداری بەرهەمهێنان‌و بەپێشکەوتنی زانستی‌وئەندازەی بەکارهێنانی سەرکەوتوانەی پێدراو (معطیات)ە کانی زانست وتەکنیك لەپێناوپڕکردنەوەی پێویستیەکاندا بەندە. [١٧]

٣. پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان

لەسەرەتادا بەرهەمهێنان چالاکی هاوبەشی نێوان مرۆڤەکان بووە، ئەوان لەپێناوی بەرهەمهێنانیدا چوونەتە نێوپەیوەندی دیاریکراوەوەولەوڕێگەیەشەوە بەتەنها بەرهەمهێنان بەدیدێت، بۆیە ئەوپەیوەندییانەی نێوان خەڵکی کە لەکرداری بەرهەمهێنانی بەروبومە ماددیەکاندا دروست دەبێت پێیدەوترێت پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا تێکڕای تاکەکانی تیرەی هۆزەکان کەتوانای کارکردنیان هەبووبەشێوەیەکی هاوبەش خۆراکیان بەدەست دەهێناوپێکەوە بەکاریان دەهێناولەکاتی ململانێ ونارەحەتیەکانیشدا پشتی یەکتریان دەگرت.

جاهۆیەکانی بەرهەمهێنان بۆ هەمووتیرەکە دەگەڕایەوە، بۆیە خاوەندارێتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان گشتی بوو، لەبەرئەوە خەڵکی لەبەرهەمهێنانی کۆمەڵی (جماعی)دا یەك ناوەندیان داگیردەکرد، بەلاّم لەکۆمەڵگەکانی کۆیلایەتیو دەرەبەگێتیو سەرمایەدارێتی کۆمەڵە پەیوەندییەکی دیکەی تەواودروستبوو، ئەویش پەیوەندی گەورەیەتی وشوێن کەوتەیەتی (السیادة التبعیە) بوو. وێنەی ئەوپەیوەندییانەش لەوەوە هەڵدەقولاّ کە ستەمکاران خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بوونوستەملێکراوەکانیش لێی بێبەشبوون، بەگواستنەوەش بۆ هاوبەشێتی (اشتراکیە) لەنێوئەندامانی کۆمەڵەکەدا پەیوەندی هاوکاریوپشتگیریکردنی یەکتر بەدیدێت، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە هۆیەکانی بەرهەمهێنان لەکۆمەڵگەی هاوبەشێتیدا دەبنە خاوەندارێتی کۆمەڵ.[١٨]

جابەواتایەکی تر پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان ئەوپەیوەندییانەن کە لەنێوان مرۆڤەکاندا لەمیانەی کاروکرداری بەرهەمهێناندا دروست دەبنوپێش هەمووشتێك بەشێوەی خاوەندارێتییەکەیەوە جیادەکرێتەوە، بۆ نموونە دەتوانین بڵێین ئەوجۆرە پەیوەندییە سەرەتاییەوئەوەی دیکە کۆیلایەتیە و.... تاد.

٤. ژێرخان

پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان رۆڵێکی سەرەکی دەبینن لەسیستمی تێکڕای پەیوەندییە کۆمەلاّیەتیەکانداوژێرخانی (قاعدە) ئابوری کۆمەڵگەیەك پێکدەهێنێت، ژێرخان ئەوبنەڕەتەیە کە هزرە کۆمەلاّیەتی ودامەزراوە سیاسیو یاساییو رۆشنبیریو تێکڕایی دامەزراوە کۆمەلاّیەتیەکانی دیکەی لەسەر دادەمەزرێت.[١٩]

بەواتایەکی دیکە ژێرخان بریتییە لە کۆمەڵێك پەیوەندی بەرهەمهێنان کەقەوارەی ئابوری کۆمەلاّیەتی لێپێکدێت، مەبەستیش لەکۆمەڵێك پەیوەندی بەرهەمهێنان بریتییە لەشێوەی خاوەندارێتیوپەیوەندی نێوان خەڵکەکان کە لەم شێوەی خاوەندارێتییەدا رۆڵیان هەیە، لەگەڵ شێوەکانی دابەشکردنی بەروبومدا، هەمووکۆمەڵێك ژێرخانی هەیە، ژێرخان وەك کۆمەڵێك پەیوەندی بەرهەمهێنان بەباری هێزە بەرهەمهێنەرەکانەوە بەستراوە، ژێرخان رۆڵێکی گەورە لەژیانی کۆمەڵدا دەگێڕێ. ماوە بۆ ئەوە خۆشدەکات کە

بەرهەمهێنان‌ودابەشكردنی بەروبومە ماددیەكان رێكبخرێت، هیچ كەس بەبێ سەقامگیربوونی پەیوەندییە بەرهەمهێنەرەكان، ناتوانێت دەست بەكاری بەرهەمهێنەرانە بكات‌ولەئەنجامدا پێداویستیەكانی ژیان دابەشبكات.

گۆڕینی هەر سەردەمێكی كۆمەڵایەتی بەسەردەمێكی دیكە، یاخود بڵێین هەر قۆناغێك بە قۆناغێكی تر واتە گۆڕینی ژێرخانە، واتە هێنانەكایەی پەیوەندی بەرهەمهێنانی نوێ.[٢٠] بەوپێیە گۆڕینی كۆمەڵگە گۆڕینی ژێرخانەوژێرخانیش كۆمەڵگە دەگۆڕێت.

٥. سەرخان

سەرخان بریتییە لەتیۆری سیاسی، فەلسەفی، ئاكاری، هونەری، مەزهەبی، یاسایی كۆمەڵ وئەودەزگاودامەزراوانەی پێیەوە پەیوەندیدارن، لەگەڵ شێوەكانی هۆشیاری كۆمەڵایەتی، ئەگەر بمانەوێت ژێرخان بەریشە یاخوئێسكی لاشەیەك دابنێین، ئەوكاتە ئەتوانین سەرخان بەلقوگەڵا یاخود گۆشت‌وپێستی روخساری كۆمەڵ دابنێین، ئاشكرایە ئەم لێكچواندنە سادەیە ئەوپەیوەندییە دیالەكتیكییە قوڵە كەژێرخان وسەرخانی پێكەوە جۆش داوە بەباشی نیشان دەدات.

هەرفرماسیۆنێكی كۆمەڵایەتی- ئابوری ژێرخانی تایبەتی خۆیان هەیە، سەرخان لەسەر بنچینەی ئەم كۆمەڵە پەیوەندییە ئابورییانە دامەزراوە، كە لەشێوەی خاوەندارێتیدا پەیدابووە، سەرخان لەبواری گەشەكردنی كۆمەڵدا، رۆڵێكی دیار دەگێڕێ، جگە لەوەی كە لەسەربنچینەی ژێرخانی ئابوری دامەزراوە، سەرخان بەهۆی ژێرخانەوە كارێكی كاریگەرانە ئەكاتە سەرگەشكردنی هێزە بەرهەمهێنەرەكان.[٢١]

٦. دیالەكتیك Dialectic

ماركسێتی دیالكتیكی هیگڵیان بۆ دەرخستنی ماددێتی مێژووبەكارهێناوە وفەلسەفەكانی خۆشیان ناوناوە (ماتەریالیزمی دیالەكتیك) بەرامبەر بە ئایدیالیزمی دیالەكتیكی هیگل، شێوازی دیالەكتیكی ماركسێتیش بەمجۆرەیە.

أ. دیالەکتیکی مارکسیێتی هەمووسروشت پێکەوە پەیوەندیدار دادەنێت، کەلەسروشتدا هەمووجۆرە دیاردەوشتومەکێك پێکەوە بەندنویەکتر تەواودەکەن، یاخودیەکتری دیاری دەکەن.

ب. دیالەکتیکی مارکسیێتی لەوباوەڕەدایە کەسروشت هەمیشە لەحاڵەتی گۆڕاندایەوهەمیشە تازە دەبێتەوە.

جـ. دیالەکتیکی مارکسیێتی هەنگاوەکانی گەشەکردن بەگۆڕینێکی سادەولەسەرخۆدانانێت، بەڵکوگۆڕینی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە دادەنێت.

د. دیالەکتیکی مارکسیێتی ناکۆکی دەروونی لەناوهەموودیاردەکانی سورشتدا بەدیدەکات، لێکدانی ئەم ناکۆکیانە بەبنچینەی گەشەکردن دادەنێت.[٢٢]

٧. چین

کۆمەڵگەلێکی فراوانە لەخەڵکی، کە بەپێی جێگەوشوێنی خۆی لەسیستەمی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیورۆژگاری مێژووی دیاریکراووبەپێی پەیوەندی خۆی لەگەڵ هۆیەکانی بەرهەمهێنانداوبەپێی رێگەی هێنانە دەستوکێشی دەسکەوتی لەبواری سامانی کۆمەڵایەتیدا، هەریەکەیان لەوانی دیکە جیاوازە، چینەکانی کۆمەڵ ئەوکۆمەڵە خەڵکانەن کە هەندێکیان بەهۆی پلەوپایەی دیاریکراویانەوە لەبواری ئابوریوکۆمەڵایەتیدا دەتوانن دەستبەسەرکاری کۆمەڵەکانی دیکەدابگرن.[٢٣]

بەپێی ئەم لێکدانەوەیە چینەکان لەیەکتر بەشێوەی گشتی بەپێی پلەوپایەیان لەبەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا دیاریدەکرێن، جۆری پەیوەندی چینەکان لەگەڵ هۆیەکانی بەرهەمهێناندا گرنگترین هۆی دیاریکردنی راژەی چینەکانە لەبەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیاندا، خاوەن هۆیەکانی بەرهەمهێنانو ئەو زەحمەتکێشانەی کە هۆی بەرهەمهێنانیان نیە، لەبەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیاندا هەریەکەیان شوێنوپلەیەکی جیاواز لەیەکتریان هەیە.

یەکێکیان فەرمانڕەوایە، ئەوی تریان بەردەستە، یەکێك رەنجدەروئەوی تریش رەنجەکە دەبات، چینەکانی کۆمەڵ دیسان بەپێی چۆنێتیوباری دەستکەوتنی خۆیانەوە لەبەرهەمی کۆمەڵایەتیدا لەیەکترجیادەکرێنەوە.

بۆ نموونە لەجیهانی سەرمایەداریدا، سەرمایەدارەکان سوود وەردەگرن‌و کرێکارەکان لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا رەنجدەدەن، بەوجۆرە جیاوازییەکی ئاشکراوگەورە لەنێوان ئەودووچینەدا هەیە، چینیش بۆ دووجۆردابەش دەبێت: کە ئەوانیش چینی سەرەکی‌وچینی ناوەندین، چینە سەرەکیەکانیش لەکۆمەڵگەی کۆیلایەتیدا بریتیبوون لەکۆیلەکان‌وخاوەن کۆیلەکان، لەکۆمەڵگەی فیودالیدا بریتیبوون لەخاوەن موڵك (دەرەبەگ)وجوتیارەکان، لەکۆمەڵگەی سەرمایەداریشدا بریتیبوون لەپرۆلیتاریاو بۆرجوازییەکان، پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دووچینەش پەیوەندی دوژمنایەتی‌وململانێی بەردەوامەوگوزارشت لەشێوە بنەڕەتیەکانی ئیستغلال‌وبەکۆیلەکردن دەکات.[٢٤]

لەهەریەك لەم سەردەمانەدا جگە لەوچینە بنچینەییانەی ناومان بردن، دیسان چینی لەمانە بچوکتریش هەن، کە بە (ناوەندی) ناوزەدمانکردن، بۆ نموونە لەجیهانی کۆندا لەپاڵ کۆیلەوخاوەن کۆیلەکاندا وردە جوتیار وپیشەگەرەکان هەبوون، لەکۆمەڵگەی سەرمایەداریشدا لەپاڵ دووچینە سەرەکیەکەی سەرمایەداروپرۆلیتاریادا چینی ناوەندی هەن وەك خاوەن عەقارو وردەبورجوازو جوتیارەکان.[٢٥]

٨. شۆڕش Revolution

شۆڕش گۆڕانێکی قوڵی بنەڕەتی‌وبنیاتنەرانەیە، سوڕانێکی گەورەوبنچینەییە لە ژیانی کۆمەڵگەداولەناوبردنی رژێمێکی کۆمەڵایەتی کۆن‌ورزیوودانانی رژێمێکی کۆمەڵایەتی تازەوپێشکەوتوانە لەجێگەی، واتە لەناوبردنی واقیعێکی کۆن‌و پەککەوتەودانانی واقیعێکی تازەوبەکەڵك لەجێگەی، بۆ نموونە شۆڕشی گەورەی فەڕەنسی ١٧٨٩ ز، شۆڕشێکی بۆرجوازییانەبوو، رژێمی فیودالی رزیووروخساری سەڵتەنەتی بۆربۆرنەکانی لەناوبردورژێمی سەرمایەداری کە لەوسەردەمەدا رژێمێکی تازەوپێشکەوتوانەبوولەجێگەی دانرا.

شۆڕشی ئۆکتۆبەریش، شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیانەبوو، چونکە رژێمی کۆن‌ورزیوی فیودالی‌وسەرمایەداری لەبنەڕەتەوە هەڵتەکاندوکۆمەڵگەیەکی نوێی سۆشیالیستی بنیاتنا،

جا شۆڕش گرنگترین قۆناغی گەشەکردنی کۆمەڵە، مارکسیێتی شۆڕش بەکارێکی حەتمی ناوئەوکۆمەڵگایانە دەزانێت کە لەچەند چینێك پێکهاتوون.

لەهەمووئەوکۆمەڵگایانەدا کە چەندان چینی جیاجیاوخاوەن قازانجی جیاجیایان تێدایە گەشەکردنی ئابوری‌وکۆمەلایەتی قۆناغی بە قۆناغ هەلومەرجی گۆڕینی بنەڕەتی‌وبونیاتنەرانە دەرەخسێنێت.

لەئەنجامدا دەبێتەهۆی گۆڕینی بونیاتنەرانەی سیستمی کۆمەلایەتی ((جاهێزە بەرهەمهێنەرەکانی کۆمەڵ لەقۆناغێکی تایبەتی گەشەکردنی خۆیاندا لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا، واتە لەگەڵ پەیوەندییەکانی خاوەنداریێتی دا کەلەناومنداڵدانی ئەودا گەشەیان کردووە دەکەونە ناکۆکیەوە، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەبنەکۆسپ‌وبەرهەڵست لەرێگەی گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکاندا، لەوکاتەدایە قۆناغی شۆڕشی کۆمەلایەتی دەست پێدەکات)).[٢٦]

شۆڕش هەمووئەوناکۆکیانە چارەسەردەکات کەباسکران، ئەوپەیوەندییەکۆنانەی بەرهەمهێنان لەناودەبات، پەیوەندی نوێ سەقامگیردەکات‌ودەبێتەهۆی خۆشکردنی زەمینەی بەپەلە بۆ گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان، ئەمەیە پایەی ئابوری‌وواقیعی شۆڕش، مەسەلە بنچینەییەکانی هەرشۆڕشێك بریتییە لەدەسەلاتی سیاسی دەوڵەت گرتنەدەست، وەرگرتنی دەسەلات لەدەست چینێکی دەستەلاتداری دواکەوتوانەوسپاردنی بەدەست چینێك یاخود چەند چینێکی پێشرەو وپێشکەوتوو ئەمە ناوەڕۆکی بنچینەیی هەرشۆڕشێکە، بۆیە شۆڕش بەرزترین شێوەی راپەڕینی چینایەتییە، چینە پێشکەوتووەکان لەرێگەی شۆڕش‌وکەمکردنەوەی دەسەلاتی چینی فەرمانڕەوای کۆنەپەرستەوە رێگەی گەشەکردنی کۆمەڵ دەکەنەوە.

جا شۆڕشی کۆمەلایەتی قوڵترین گۆڕین لەبواری سیاسی‌وئابوری‌وئایدیۆلۆجی کۆمەڵدا پێکدەهێنی‌ولەبنەڕەتەوە روخساری کۆمەڵ دەگۆڕێت.[٢٧]

٩. هۆشیاری کۆمەلایەتی

هۆشیاری کۆمەلأیەتی بریتییە لە کۆمەڵە راوبۆچوونێکی سیاسی ومافی وئاکاریوهونەریوفەلسەفیوئایینیوزانیارییە زانستییە بووەکانی (موجود) نێوکۆمەڵگە، جا ژیانی ماددی کۆمەڵگە، بەرهەمهێنانی بەروبومە ماددییەکان شتێکی بنەڕەتیە، بەلأم راوبۆچوونی خەڵکیوهزروتیۆرییەکانیان شتێکی ناوەندی (ثانوی) یە واتە بارودۆخی ژیانی کۆمەڵگەی ماددی بەرهەمی هێناوە، جا قەوارەی کۆمەلأیەتی خەڵکی چۆن بێت ئەوا هۆشیاری کۆمەلأیەتیشیان وادەبێت، لەوەوە دەگەینە ئەودەرەنجامەی کە دەبێت سەبارەت بەچاوگی رۆحی ژیانی کۆمەڵگە لەزەینی مرۆڤەکانەوە بۆی نەگەڕێین، بەڵکودەبێت لەبارودۆخی ژیانی کۆمەڵگەی ماددیەوە بۆی بگەڕێین، ئەوەیە کەوەلأمی ئەوپرسیارە دەداتەوە کە بۆچی لەپلەپێشکەوتووە کۆمەلأیەتیە جیاوازەکاندا هزروبۆچوونوتیۆری کۆمەلأیەتی جیاواز هەیەوبۆچی بەپێی گۆڕانی بارودۆخی ژیانی خەڵکی ئەوانیش دەگۆڕێن.

بەوشێوەیە لەسەردەمە سەرەتاکانی ژیانی کۆمەلأیەتی مرۆڤەکانداولەقۆناغی سیستمی کۆمۆنی سەرەتاییدا چالاکی رۆحی خەڵکی بە بەرهەمهێنانی بەروبومە ماددییە راستەوخۆکانەوە بەستراوەتەوە، بۆ نموونە ئافرەتە سەرەتاییەکان لەسەماکانیاندا بەئاشکرایی جوڵەکانی کار (حرکات العمل)یان دەردەبڕیو لە کۆکردنەوەی رووەکدا تەقلیدی جوڵەکانی خۆیان دەکرد ، بەلأم سەمای پیاوان رەنگدانەوەی رووداوەکانی راوکردن بوو.[٢٨]

خستنەڕووی لێکدانەوەکە

مارکسێتی باوەڕیوایە، کە لێکدانەوەی ماددی بۆ مێژوو، لەگرنگترین جیامەندییەکانی ماددێتی نوێیەوبەبێ ئەوناتوانین لێکدانەوەیەکی راست بەمێژووببەخشین، کە لەگەڵ ماددێتی فەلسەفیدا وێکبێتەوە، لەگەڵ چەمکی ماددێتی بۆ ژیانوگەردوندا بگونجێت، جا لەبەرئەوەی لێکدانەوەی ماددی، لە تێڕوانینی مارکسێتیدا، بۆ بوون بەشێوەیەکی گشتی راستە، ئەوادەبێت سەبارەت بە مێژووش راست بێت، چونکە مێژووجگە لەلایەنێك لەلایەنەکانی بوونی گشتی (الوجود العام) شتێکی دیکەنیە.[٢٩]

لێکدانەوەی مارکسێتی بۆ مێژووپێیوایە کە بارودۆخی ئابوری، بارودۆخی کۆمەلأیەتیوسیاسیوئایینیوهزریوهەموودیاردە کۆمەلأیەتیەکانی دیکە دیاریدەکات،

هەروەك ماركس دەڵێت:" خەڵكی لەژیانی كۆمەڵایەتی گەشەسەندوویاندا سەربەخۆ لەویستیان (مستقل عن أرادتهم) دەچنە نێوكۆمەڵە پەیوەندییەكی پێویستەوە، واتە چەند پەیوەندییەكی بەرهەمهێنان كە هاوڕێك دەبن لەگەڵ پلەی پەرەسەندنی هێزەكانی بەرهەمهێنانی ماددیدا، گشتگیرێتی ئەم پەیوەندیانەش ئەوبوونیادە ئابوریە كۆمەڵایەتیانە دروست دەكەن كە چەندین جۆری جیاوازی لەهۆشیاری كۆمەڵایەتی لەگەڵیدا هاوڕێك دەبن، واتە پرۆسەی ژیانی كۆمەڵایەتیوسیاسیورۆحی بەشێوەیەكی گشتی مەحكومە بەشێوازی بەرهەمهێنانی ژیانی ماددییەوە، بێگومان (هۆشیاری كۆمەڵایەتی) خەڵكی بوونیان دیاریناكات، بەپێچەوانەوە كۆمەڵایەتیبوونە كە هۆشیاری خەڵكی دیاریدەكات. [٣٠]

بارودۆخی ئابوریش بەورۆڵەی كەدەیبینێت وەك هەمووشتێكی ئەم جیهانە هۆكاری تایبەت بەخۆی هەیە، ئەوهۆكارەش - كە هۆكاری سەرەكی تێكڕای پەرەسەندنە كۆمەڵایەتیەكانەوپاشانیش هۆكاری هەمووبزوتنەوەیەكی مێژوویییە لەژیانی مرۆڤدا- بریتییە لەبارودۆخی هێزەكانی بەرهەمهێنانوهۆكارەكانی بەرهەمهێنان، جا هۆكارەكانی بەرهەمهێنان بریتین لەوهێزە مەزنەی كە مێژوو وپەرەسەندنو رێكخراوێتی مرۆڤ دروستدەكەن، بەوشێوەیە ماركسێتی دەستی دەخاتە سەرسەری بەنەكە (رأس الخيط) لەبزوتنەوەی مێژوویدا بەگشتیودەگاتە زنجیرەی بالاّ بۆ هۆكاری یەكەم.

لێرەوە دووپرسیار سەرهەڵدەدەن كە بریتین لە: هۆكارەكانی بەرهەمهێنان چین؟ چۆن بزوتنەوەی مێژوویيوژیانی كۆمەڵایەتی بەگشتی لێدروست دەبێت؟ سەبارەت بەوەڵامی پرسیاری یەكەم هەروەكوله (چەمی زاراوەكان) روونمان كردەوە، هۆیەكانی بەرهەمهێنان بریتیبوون لەوئامێرانەی كەمرۆڤەكان بۆ بەرهەمهێنانی پێویستییە ماددیەكانیان بەكاریدێنن، چونكە مرۆڤ ناچارە كەلەپێناوی بوونیدا ململانێ لەگەڵ سروشتدا بكات، ئەوململانێیەش بوونی هێزوئامێری دیاریكراوی خواستووە كە مرۆڤ لەپێناورامكردنی سروشتوبەرهەمهێنانی بەروبوومەكانیدا بەكاری بێنێت، ئەوئامێرەش سەرەتا لەدەستوبازووەوە دەستپێكردووە، تاكوئەمڕۆ گەیشتووەتە بەكارهێنانی هێزی

هەڵموکارەباوئەتۆم، جا ئەوانەش هێزە بەرهەمهێنەرەکانن، کە پێویستیە ماددییەکان بۆ مرۆڤ دروست دەکات.

سەبارەت بەوەڵامی پرسیاری دووەمیش مارکسیێتی دەڵێت: هۆکارە بەرهەم هێنەرەکان بەپێی گەشەکردنودژایەتیەکان (متناقضات)ی، بزوتنەوەی مێژوو دروستدەکەن، ئەوەش زیاترشیدەکاتەوە بەوەی کە هێزە بەرهەمهێنەرەکان لەپەرەسەندنی ئەوهێزوهۆکارانە، شێوەیەکی تایبەت لەشێوەکانی بەرهەمهێنانیان هەیە، جائەوبەرهەمەی کەپشت بەئامرازە بەردییەساکارەکان دەبەستێت جیاوازە لەوبەرهەمەی کەپشت بەتیروکەوان و.... هتد، لەئامرازەکانی راوکردن دەبەستێت، هەروەها بەرهەمی راوکەریش جیاوازە لەبەرهەمی شوان یاخود جووتیار، بەوشێوەیە هەمووقۆناغێکی مێژوویی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، شێوازی تایبەتی بەرهەمهێنانی خۆی هەیە، هاوڕێك لەگەڵ جۆری هێزە بەرهەمهێنەرەکەداوپلەی گەشەو پەرەسەندنیدا. هەربۆیە مارکس کەوتبووە ژێر کاریگەری پۆلێنکردنەکانی چاخەکانی پێش مێژوو، لەچاخی بەردییەوە بۆ چاخی برۆنزی وپاشان ئاسنی بەوپێیەی کە دۆزینەوەی ئامێر بووپەرەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆیی لەمیانەی هەمووچاخێك لەوچاخانە دیاریدەکرد، لەلایەکی دیکەشەوە گرنگیدانی سەرەکی مارکس بەرەوقۆناغی سەرمایەداری بوو، تەکنەلۆجیاش رۆڵێکی دیاری لەدیاریکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان وتەنانەت گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی گشتی بینی ورەنگدانەوەی ئەوەش لەسەر دیاردەکانی هزری مرۆڤایەتی.[٣١]

جالەبەرئەوەی مرۆڤەکان لە خەباتیاندا لەگەڵ سروشتدا وبۆ بەرهەمهێنانی پێویستیە ماددیەکانیان بەتەنها نەبوون ولەیەکتردابڕاونەبوون، بەڵکوبەشێوەی کۆمەڵگەڵوبەوسیفەتەی لە بەشەگەلێکن لە کۆمەڵگەیەکی وابەستە، بۆیە بەرهەمهێنان بەردەوام وبارودۆخی هەرچۆن بووبێت، بەرهەمهێنانێکی کۆمەڵایەتی بووە.

ئەوکات شتێکی سروشتیە کە مرۆڤەکان لەنێوخۆیاندا بەسیفەتی کۆمەڵبوونی وابەستەبوولەمیانەی پرۆسەی بەرهەمهێناندا پەیوەندی دیاریکراودابمەزرێنن، ئەوپەیوەندیانەش‌وپەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان کە لەنێومرۆڤەکاندا بەهۆی هەڵگیرساندنی

جەنگێکی یەکگرتووژبە سروشت دادەمەزرێت، لەراستیدا بریتییە لە پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی، کە بارودۆخی ئابوری ورێگەی دابەشکردنی سامانی بەرهەمهاتوولەکۆمەڵگەدا دیاریدەکات، بەواتایەکی دیکە شێوەی خاوەندارێتی کۆمۆنی، یاکۆیلایەتی، یادەرەبەگێتی یاسەرمایەداری یاخود هاوبەشێتی وجۆری خاوەنداروەهەڵوێستی هەمووتاکێك لەبەرهەمهێنەری کۆمەڵایەتی (الناتج الأجتماعي) دیاریدەکات. [٣٢]

ئەوپەیوەندییانە (پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان، یاخود پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی) بناغەی واقیعین، کەسەرخانی کۆمەڵگەی لەسەر رادەوەستێت، جاهەمووپەیوەندییە سیاسیویاساییودیاردەی هزریوئایینییەکان بە بنەرەتی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان (پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی)ەوە بەندن، چونکە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە کەشێوەی خاوەندارێتی باوی کۆمەڵگە دیاریدەکاتوئەوشێوازەش کە بەپێی ئەودابەشکردنی سامان بەسەر تاکەکاندا جێبەجێ دەبێت، ئەوە بەرۆڵی خۆی بارودۆخی سیاسی ویاسایی وفکری وئایینی بەشێوەیەکی گشتی دیاری دەکات.

هەروەکوئەنگلز جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە گۆڕانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان ئەوبناغە وژێرخانەیە کە تێکڕای گۆڕانکارییەکانی دیکەی لەسەر رادەوەستێت، کە دەڵێت:" هەروەکوداروین یاسای پەرەسەندنی لەسروشتی ئەندامیدا دۆزییەوە، مارکسیش یاسای پەرەسەندنی لەمێژووی مرۆڤدا دۆزییەوە، ئەوراستیە سادەیەی ئاشکراکرد کە تا ئێستا بەوگەشەکردنە لاوەکیەی کە بیروباوەڕەکان پێیانکردووە داپۆشراوە، ئەوراستیەش ئەوەیە کە پێویستە یەکەمجار مرۆڤ بخوات وبخواتەوە وجێگە (مسکن) وپۆشاکی هەبێت، پێش ئەوەی کە بتوانێت بەدوای سیاسەت وئایین وزانست وهونەر و.. هتد، بگەڕێت.

لەبەرئەوە بەرهەمهێنانی هۆیەکانی بژێوی ماددی، وەك دەرەنجامێکی ئەوەش پلەی پەرەسەندنی ئابوری کە هەندێ لەخەڵکی بەدەستی دێنن ولەماوەیەکی دیاریکراودا هەردووکیان ئەوبنەڕەتە (ژێرخانە) پێکدەهێنن کە دەوڵەت وسیستەمەکان وهزرە یاسایی وهونەرەکان وتەنانەت هزری ئایینی ئەومرۆڤانەشی لەسەرگەشەدەکات کە پێویستە

لەرۆشنایی ئەوەدا ئەوشتانە راڤەبکرێن، نەك ئەوە لەتیشکی ئەوشتانەوە لێکبدرێتەوە، وەکوئەوەی تا ئێستا رووی داوە". [٣٣]

مارکسیش لەپێشەکی کتێبەکەیدا (نقد للأقتصاد السیاسی) وردبوونەوەیەکی گشتگیری پەیوەندییە بنەڕەتیەکانی نێوان (بەرهەمهێنان) و(بزوتنەوەی مێژوویی) دەخاتەڕوو، ئەودەڵێت:" لەوبەرهەمهێنانە کۆمەڵایەتییەی کە خەڵکی ئەنجامیدەدەن، چەندەها پەیوەندی دیاریکراوی بەدەر لە ئیرادەیان دروستدەکەن، لێرەدا پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان وەك یەك (تطابق)ی قۆناغێکی دیاریکراوی پێشکەوتنی هێزە ماددیەکانی بەرهەمهێنانیانە، تەواوی ئەوپەیوەندییانە بونیادی ئابوری کۆمەڵگە پێکدەهێنن، هاوکات ئەوبناغە راستەقینەیەشە کە سیستمە یاسایی وسیاسەکانی لەسەر رادەوەستێت، کە وەك یەکی چەند دیمەنێکی دیاریکراوی هەستی کۆمەڵایەتیە (شعور الأجتماعي)، جاشێوازی بەرهەمهێنانی ژیانی ماددی سیفەتی گشتی کردارە کۆمەڵایەتی وسیاسی وگیانیەکانی ژیان دیاریدەکات، بۆیە هەست (شعور) ی خەڵکی بوونیان دیارنیاکات، بەڵکو(بوون) یانە کە هەست (شعور) یان دیاریدەکات. [٣٤]

هەروەها مارکس لەکتێبی (**بؤس الفلسفة**) دا دەڵێت: "پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەهێزە بەرهەمهێنەرەکانەوە پەیوەست وبەستراونەتەوە، لەکاتێکدا کە هێزێکی نوێی بەرهەمهێنان بەدیدێنن، ئەوا جۆری بەرهەمهێنانەکەیان دەگۆڕن، کاتێکیش کەجۆری بەرهەمهێنانەکەیان دەگۆڕن وکاتێك کەرێگەی بەدەستهێنانی بژێوییان دەگۆڕێت، ئەوا ئەوان هەمووپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕن، بێگومان ئەوئاشەی کە بەدەست دەخولێتەوە کۆمەڵگەیەك دەنوێنێت، کە گەورە دەرەبەگێك فەرمانڕەوایەتی تێدادەکات، ئاشی هەڵمیش کۆمەڵگەیەك دەنوێنێت کە پیشەسازی سەرمایەداری فەرمانڕەوایەتی تێدادەکات". [٣٥]

هەروەها دەڵێت:" بێگومان خودی ئەوخەڵکانەی کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیان دادەمەزرێنن، بۆ ئەوەی هاوشێوەی بەرهەمهێنانە ماددییەکانیان بێت، دەبینرێت بەهەمان شێوە بنەماوهزرو(لائحە)ەکان بەرهەمدێنن بۆ ئەوەی هاوشێوەی پەیوەندییەکۆمەڵایەتیەکانیان بێت.

بەوشێوەیە ئەوهزرو(لائحە)انە، هەتاهەتایی نین، وەك ئەوپەیوەندیانەی کە گوزارشتی لێدەکەن، بەڵکوئەوە بەرهەمهێنانێکی مێژوویی وماوەیەکی راگوزەرییە (فترە انتقال)". [٣٦]

فەیلەسوفی کۆمۆنیزمی بەریتانی (**موریس کونفورث**)یش دەڵێت: "شتێکی دیکە کە پێویستە تێبینی بکەین، بریتییە لەکاریگەری داهێنراوە تەکنیکی ودۆزراوە زانستیەکان لەسەر دەرکەوتنی هزرە فەلسەفیەکان". [٣٧]

جائەگەر تێکڕای بارودۆخەکۆمەڵایەتیەکان بەپێی باوردۆخە ئابوریەکان دروست بن، یاخود بەواتایەکی دیکە بەپێی پەیوەندییەکانی خاوەنداریتی (پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان) دروست بن، ئەوە پێویستە ئەوپرسیارە بکەین، کە ئەوپەیوەندییانەی بەرهەمهێنان چۆن دروست دەبن؟ ئەوهۆکارەش چیە کە بارودۆخی ئابوری کۆمەڵگە پێکدەهێنێت ودەیگونجێنێت؟ ماددێتی مێژوویی وەڵامی ئەوپرسیارە بەمشێوەیە دەداتەوە: بێگومان پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، لەکۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی پێویست دروستدەبن، بەپێی شێوەی بەرهەمهێنان وئەوپلە دیاریکراوی کە هێزە بەرهەمهێنەرەکانی تێدادەژین، جا هەموپلەیەك لەگەشەکردنی ئەوهێزانەدا پەیوەندیگەلێکی خاوەندارێتی وبارودۆخێکی ئابورین، کە هاوشێوەی ئەوپلەیە دەبێت لەپەرەسەندنیدا، جا هێزە بەرهەمهێنەرەکانن کە ئەوبارودۆخە ئابوریەی دەخوازرێت ودەسەپێنرێت بەسەرکۆمەڵگەدا دادەڕێژن، جا لەوبارودۆخە ئابوری وئەوپەیوەندییە بەرهەمهێنەرانەی ئەوشوێنە تێکڕای ئەوبارودۆخە کۆمەڵایەتیانەی لێبەرهەمدێت کە لەگەڵ ئەوبارودۆخە ئابورییەدا وێکدێتەوە ولەگەڵیدا رێکدەکەوێت، بوونی کۆمەڵایەتیش لەسەر ئەوبارە بەردەوام دەبێت، تا هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کۆمەڵگە دەگەنە پلەیەکی نوێی گەشەکردن وپەرەسەندن، لێرەوە دەچێتە نێودژایەتییەکەوە لەگەڵ بارودۆخی ئابوری راوەستاو، چونکە ئەوبارودۆخە بەرەنجامی قۆناغێك یاخود پلەیەکە کە هێزەکانی بەرهەمهێنان بۆ قۆناغێکی نوێ تێدەپەڕێنن، ئەوەش بارودۆخێکی ئابوری نوێ وپەیوەندیگەلێکی خاوەندارێتی لەشێوەیەکی دیکەدەخوازێت.

لەپاش ئەوەی کە بارودۆخی ئابوری پێشوودەبێتە ئاستەنگێکی گەشەکردنی، بەوشێوەیە ململانێ لەنێوان هێزە بەرهەمهێنەرەکانی هۆکارەکانی بەرهەمهێناندا لەقۆناغێکی نوێدا

لەلایەکەوەو پەیوەندییەکانی خاوەنداریێتی وبارودۆخی ئابوری کە پاشماوەی قۆناغی رابردووی هێزەکانی بەرهەمهێنانە لەلایەکی دیکەوە، روودەدات. هەروەك مارکس دەڵێت:" لەکاتی پێگەیشتنی (بلوغ) قۆناغێکی دیاریکراولەپەرەسەندنی هێزە بەرهەم هێنەرەکانی کۆمەڵگە، دەبینین لەگەڵ پەیوەندییە بەرهەمهێنەرە راوەستاوە (القائم) ەکان، یاخود پەیوەندییەکانی خاوەنداریێتی بەدەربڕینە یاساییکەی پێکدادەکێشن، بەوەش ئەوپەیوەندییانە بۆ کۆتگەلێك دەگۆڕێت، کە پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهمهێنان کۆتدەکات، لێرەشەوە ماوەی هەڵگەڕانەوە (کودەتا) یەکی کۆمەڵایەتی دەستپێدەکات، جا بەگۆڕانی بناغە ئابوورییەکە ئەوا کۆشکە مەزنەکەی سەرەوەش بەتەواوی وبەپلەی جیاواز لەخێراییدا دەگۆڕێت، لەپشکنینی نموونەی ئەوگۆڕانکاریانەدا هەمیشە پێویستە جیاوازی لەنێوان کاروباری بەرهەمهێنانی ئابوری کە دەتوانرێت بەووردی دیاری ودەستنیشان بکرێت کە زانستی سروشتی پێ جیادەکرێتەوە ولەنێوان شێوە مەزهەبیەکاندا- سیاسی وئایینی، یاخود فەلسەفی کە خەڵکی وایان لێدێت هۆشیار وهەستیاربن بەوململانێیە ولەپێناویدا دەجەنگێن، هەروەکوچۆن رای ئێمە دەربارەی کەسێك هاوشێوەی رای ئەونیە سەبارەت بەخۆی، بەهەمان شێوەش ناتوانین حوکم بەسەر ماوەیەکی گۆڕانکاری (تحول) وەك ئەوەدا بدەین، کە بەهۆشیاری جیادەکرێتەوە، بەڵکوبەپێچەوانەوە دەبێت راڤەی ئەوشعورە، لەرێگەی دژایەتیەکان (**متناقضات**)ی نێوژیانی ماددی ولەرێگەی ململانێی راوەستاوی نێوان هێزە بەرهەمهێنەرە کۆمەڵایەتیەکان وپەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە بکەین، هەرگیز هیچ سیستمێکی کۆمەڵایەتی لەناوناچێت، پێش ئەوەی کە تێکڕایی ئەوهێزە بەرهەمهێنەرانەی کەبواری گەشەکردنیان هەیە گەشەنەکەن. پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانیش بە ئاستێکی باڵاتر لەپێش خۆی دەرناکەوێت، پێش ئەوەی لەنێوکۆمەڵگەی کۆندا بارودۆخە ماددییە پێویستەکان بۆ بوونی ئەوپەیوەندیانە دەرنەکەون، لەسەرئەوە کۆمەڵگە بەردەوام کێشەگەلێك بۆ خۆی دروستدەکات کە دەتوانێت چارەسەری بکات.

جا ئەگەر لەوکاروبارەرابمێنین ئەوا دەبینین ئەوکێشەیە دروست نابێت مەگەر بارودۆخە ماددیە پێویستەکانی چارەسەری فەراهەم بێت یاخود بەلای کەمەوە لەرێگەی دروستبووندابێت". [٣٨]

لێرەوەولەم لێکدانەوەیەدا رۆڵی چینایەتی دێتەئاراوە، بێگومان ململانێی نێوان هێزە بەرهەمهێنەرەگەشەسەندووەکان وپەیوەندییە خاوەندارێتی یە راوەستاوەکان، هەمیشە رەنگدانەوەیان بۆسەر ئاستی کۆمەڵایەتی دەبێت، ئەوەش لەململانێی نێوان دووچیندا دەردەکەوێت:

یەکەمیان چینی کۆمەڵایەتی کەبەرژەوەندیان لەگەڵ گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان وپێداویستیە کۆمەڵایەتیەکانیدا رێکدەکەوێت، ئەوەی دیکەشیان ئەوچینە کۆمەڵایەتیەیە کە بەرژەوەندیەکانی لەگەڵ پەیوەندییە خاوەندارێتییە راوەستاوەکاندا رێکدەکەوێت وسودەکانی لەگەڵ خواستی درێژبوونەوەی پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێناندا سازدەبێت، هەروەکومارکس وئەنگلز لە(مانفیستی کۆمۆنیزم)دا بەم دەستەواژەیە دەست پێ دەکەن کە دەڵێت:" بێگومان مێژووی تیکڕای ئەوکۆمەڵگەیانەی کە تا ئێستا مرۆڤایەتی بەخۆوەی دیوە بریتی یە لەمێژووی ململانێی چینایەتی". [٣٩]

لەقۆناغی مێژوویی ئێستادا، بۆ نموونە ئەودژایەتیە لەنێوان گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان وپەیوەندییە سەرمایەدارییەکانی کۆمەڵگەدا دروست دەبێت، ململانێش وەك شوێن کەوتەیەکی ئەوە پەرەدەسێنێت، لەنێوان چینی کرێکار، کە لەگەشەکردنیاندا لەپاڵ هێزەکانی بەرهەمهێناندا دەوەستن وزۆر بەتوندی وهۆشیاری چینایەتییەوە پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی سەرمایەداری رەتدەکەنەوە. لەنێوان چینی خاوەنداردا، لەپاڵ پەیوەندییەکانی سەرمایەداریدا وەستاون وسورن لەسەر بەرگری لێکردنی، بەوشێوەیە دژایەتی لەنێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان وپەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا بەردەوام واتا کۆمەڵایەتیەکەی لە دژایەتی چینایەتیدا دەبینێتەوە، جا بەوپێیە لەقەوارەی کۆمەڵگەدا دوودژایەتی هەن، یەکەمیان دژایەتییەك لەنێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان وپەیوەندییە خاوەندارێتییە باوەکاندا، کە ئەمەیان دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم تەواوێتی یەکەمیاندا، دووەمیش دژایەتی چینایەتییە

لەنێوان چینێکی کۆمەڵگە کە جەنگێك لەپێناوهێزەکانی بەرهەمهێناندا هەڵدەگیرسێنێت ولەنێوان چینێکی دیکەدا کە جەنگەکەی لەپێناوپەیوەندییە راوەستاوەکاندا بەرپادەکات، جا دژایەتی دووەم بریتییە لە گوزارشتێکی کۆمەڵایەتی ورەنگدانەوەیەکی راستەوخۆی دژایەتی یەکەم.[٤٠]

لەبەرئەوەی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بریتین لەهێزی سەرەکی لەرەوتی مێژوودا، ئەواشتێکی سروشتییە کە لەململانێیەکدا لەگەڵ پەیوەندییە خاوەندارێتییەکان وپاشماوەکانی قۆناغی کۆندا سەرکەوتوویێت، جا پەیوەندی وبارودۆخێکی دیکە دادەمەزرێنێت کە لەگەڵ گەشەکردنەکەیدا بڕوات ولەگەڵ قۆناغەکەیدا گونجاوبێت. کاتێك کە هێزەکانی بەرهەمهێنان بەسەر پەیوەندییەکانی خاوەندارێتیدا سەرکەوتن، ئەوکات پەیوەندییە خاوەندارێتییە کۆنەکان تێکوپێکدەدەن ورووی ئابوری کۆمەڵگە دەگۆڕێت. گۆڕانی بارودۆخی ئابوریش تێکڕای سەرخانی کۆمەڵگە هەر لەسیاسەت وهزروئایین وئاکار دێنێتە لەرزین، چونکە هەمووئەورووانە لەسەر بنەڕەتی بارودۆخی ئابوری راوەستاون، جا ئەگەر ژێرخانە ئابورییەکە گۆڕا، ئەوا هەموورووی کۆمەڵگە دەگۆڕێت، بێگومان دۆزەکە لێرەدا کۆتایی نایەت، دژایەتی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان وپەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، یاخود دژایەتی لەنێوان هەردووچینی نوێنەری ئەوهێزوپەیوەندییانە، ئەودژایەتیە ئەگەر چارەسەری بریتیبێت لەگۆڕانێکی کۆمەڵایەتی گشتگیر، ئەوا ئەوە چارەسەرێکی دیاریکراوە، لەبەرئەوەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان بەردەوام لەگەشەکردن وپەرەسەندندادەبێت، تا جارێکی دیکە دەچنەوە نێودژایەتی لەگەڵ پەیوەندییە خاوەندارێتی یەکان وبارودۆخە ئابورییە نوێیەکان. ئەودژایەتیەش دەبێتە هۆی لەدایکبوونی چینێکی کۆمەڵایەتی نوێ، کەبەرژەوەندییەکانی لەگەڵ گەشەکردنی نوێی هێزەکانی بەرهەمهێنان وخواستەکۆمەڵایەتیەکاندا رێکدەوێت، ئەمە لەکاتێکدا چینە هاوپەیمانە کۆنەکەی هێزەکانی بەرهەمهێنان لەوچرکەساتەوە دەبنە دوژمنی، بەتایبەت کاتێك کە هۆیەکانی بەرهەمهێنان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیدا دژکار دەبن.

ئەودووچینە دەچنە نێوجەنگێکی نوێوە، وەك مەدلولێکی کۆمەڵایەتی بۆ دژایەتی لەنێوان هێزەکانی بەرهەم هێنان وپەیوەندیەکانی بەرهەم هێناندا، ئەوململانێیەش بەهەمان ئەنجام کۆتایی دێت کە ململانێی پێشووپێیگەیشتبوو، جا جارێکی دیکەش هێزەکانی بەرهەمهێنان بەسەر پەیوەندییەکانی خاوەنداریێتیدا سەردەکەون. دواتر چینە هاوپەیمانەکەی سەردەکەوێت، بەدوای ئەویشدا بارودۆخی ئابوری وتێکڕای بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت، بەوشێوەیە پەیوەندییە خاوەنداریێتییەکان بەپارێزگاریکردن لەبوونی کۆمەڵایەتی خۆیان دەمێننەوە، مادەم هێزەکانی بەرهەمهێنان لەچوارچێوەیدا دەمێننەوە وگەشەدەکەن، جا ئەگەر بووبەئاستەنگێك لەورێگەیەدا، وایلێدێت کە دژایەتیەکان کۆببنەوە تا چارەسەرەکەی لە تەقینەوەیەکی شۆڕشگێڕانەدا دەبینرێتەوە، کە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان بەسەرکەوتوویی لێیدەردەچن وئاستەنگەکەی بەردەمی تێکدەشکێنن وبارودۆخێکی نوێی ئابوری بنیاتدەنێن، بۆ ئەوەی پاش ماوەیەك لە گەشەکردنی سەرلەنوێ بگەڕێتەوە بۆ ململانێکەی بەپێی یاساکانی دیالیکتیك، تا تێکوپێکدەربێت وپاڵیش بە مێژووەوە بنێت بۆ قۆناغێکی نوێ. لێرەوە شۆڕش هەڵگیرساندن لەلایەن چینی نوێی هاورێك لەگەڵ هێزەکانی بەرهەمهێناندا دژ بە پەیوەندییە باوە نەگونجاوەکانی پێشووئەوچینەش کە نوێنەرایەتی دەکات، دەبێتە شتێکی حەتمی.[٤١]

هەروەکومارکس دەڵێت:" هیچ رێگەیەك نییە بۆ ئەوەی ئیشتراکێتی جێگەی سەرمایەداریێتی بگرێتەوە تەنها بەشۆڕشکردن نەبێت". [٤٢]

جائەگەر ئەدەبیاتی مارکسێتی بخوێنینەوە بەتایبەت ئەوانەی کەتایبەتن بەگۆڕانکارییەکانەوە، ئەوا زۆر بەزەقی وتەنانەت وەك تاکە هۆکاری یەکلایکەرەوە وگۆڕانی کۆمەڵگە باس لە شۆڕش دەکەن، ئەوقۆناغانەش کە (لێکدانەوەکە) مێژووی مرۆڤایەتی بەسەردا دابەشکردووە، وەك (کۆمۆنی سەرەتایی وکۆیلایەتی ودەرەبەگێتی وسەرمایەداری وئیشتراکێتی وپاشانیش کۆمۆنیستی) لەسەربەنی ئەودژایەتیانەی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان وهۆیەکانی بەرهەمهێنانەوە سەرچاوەی گرتووە، جا بەکورتی دەتوانین بڵێین لێکدانەوەی مارکسێتی بۆ مێژوولەسەر ئەم چەند گریمانەیە بنیاتنراوە.

یەکەم: خەڵکی لەگەرمەی بەرهەمهێنانی ئابوری کۆمەڵایەتی دەچنە نێوپەیوەندیگەلێکی دیاریکراوەوە وبەبێ ویستی خۆیان ناچاردەبن بنە بارودۆخێکی دیاریکراو، ئەوبارودۆخەی بەرهەمهێنانیش لەگەڵ قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی هێزە ماددیەتێتی یەکەدا رێکدەکەوێت.

دووەم: بێگومان بارودۆخی بەرهەمهێنان ئەگەر وەك گشتێك وەرگیرا، دەبێتە قەوارەی ئابوری کۆمەڵگە، ئەوەش بریتییە لەژێرخان (القاعدە) کەیاساکان وسیستەمە سیساسیەکانی لەسەر بنیاتدەنرێت وهەندێ شێوەی هۆشیاری سیاسی بۆ دەگەڕێندرێتەوە.

سێیەم: هۆشیاری مرۆڤ شێوەکانی بوون دیاریناکەن، بەڵکوشێوەکانی ژیانی ئابوری وکۆمەڵایەتین کە هۆشیاری دیاریدەکەن.

چوارەم: پاش ئەوەی هێزە بەرهەمهێنەرە ماددیەکان قۆناغێکی دیاریکراوبەرەوپێش دەچن، ئەوا لەگەڵ بارودۆخە بەرهەمهێنەرە بووەکەدا (الموجودە) پێکدادەکێشن، واتە لەگەڵ ئەوسیستەمەی کە لەگەڵیدا کاردەکات.[٤٣]

پێنجەم: بێگومان مێژووی کۆمەڵگە لەوکاتەوە کە پەیدابووە تا ئێستا مێژووی ململانێی چینەکانە، کە هەندێکیان بەرامبەر هەندێکی دیکەیان بە بەردەوامی لە بەرهەڵستکردندا دەبن ودەکەونە جەنگێکی بێکۆتاییەوە، کە هەندێجار دیارنامێنێتوهەندێجاری دیکەش دەردەکەوێت، جەنگێك کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بەبنیاتنانەوەیەکی گشتی شۆڕشگێڕانە یاخود بەڕووخانی چینە ململانێکەرەکانی کۆمەڵگە بەگشتی تەواودەبێت، جابەجێبەجێکردنی ئەوشێوازە لەتوێژینەوە، دەبینین مێژوودەلالەت لەسەر ئەوە دەکات کەبەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەسیستمی کۆمۆنی سەرەتاییەوە بەرەوسیستمی چینەکان رۆیشتووە، ئەوەش لەدابەشبوونی کۆمەڵگەدا خۆدەنوێنێت، لەسەردەمە کۆنەکاندا بۆ گەورە (سید) وکۆیلەولەسەردەمی دەرەبەگێتیشدا بۆ دەرەبەگە گەورەکان وژێردەستەکان (serhs) ولە سەردەمی نوێشدا بۆ سەرمایەدار وکرێکار، بەکورتی بۆ ستەمکارو ستەملێکراو لەو سەردەمانەدا، جا ئەوپەرەسەندنە بەپێی

ئەویاسایانەی کە تەحەکومی تێدادەکەن، بۆ سیستەمێکی نوێ کەتێیدا بەرژەوەندییە ئابورییە دژەکان لەناودەچن، ئاڕاستەوەردەگرن.[٤٤]

## هەڵسەنگاندنی لێکدانەوەکە

خستنەڕووی لێکدانەوەی مارکسی بۆ مێژوو، لەلایەن مارکس وئەنگلز وپاشانیش هەوادارییانەوە، وەك تاکە لێکدانەوەیەکی راست ودروست بۆ گەشەکردن وبەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەکانی مرۆڤ لەلایەکەوە ووەك تاکە راڤەیەکی زانستی کە یاسا حەتمیەکانی نێوکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لێوە هەڵێنجرێت لەلایەکی دیکەوە، وای لەبیرمەند ومێژوونوسان کرد، کەبەوپەڕی (جدی) یەوە لەوتەرزە رابمێنن وخوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ بکەن وپاشانیش بیخەنە بەرنەشتەری رەخنەولایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەولێکدانەوەیە شەنوکەوبکەن.

ئەوەبووهەرلەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم وسەرەتای سەدەی بیستەمدا چەندەها رەخنە لەلایەن مێژوونووس وئەکادیمیستیەکانەوە رووبەرووی ئەولێکدانەوەیە کرایەوە، سەرەتای ئەورەخنانەش لەلایەن (بیوتر ستروفە) لەژێرناوی (تیۆری مارکسێتی لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا –١٨٩٩) ولەلایەن (مازارێك) مامۆستای فەلسەفە لەزانکۆی براغ لەژێرناوی (بنەما فەلسەفی وسوسیولوجیەکانی مارکسێتی-١٩٠٠) وهەروەها لەلایەن مێژوونوسی بەناوبانگی ئیتالی (بینیدتوکرۆچە) لەژێرناوی (ماددێتی ئابوری وئابوری مارکس – توێژینەوەی رەخنەیی – ١٩٠١) خرانەروو. ئەوەبووهەریەکەیان لەگۆشە نیگایەکەوە رەخنەکانیان ئاڕاستەی لێکدانەوەی مارکسێتی بۆ مێژووکردبوو.[٤٥]

دواتریش لەسەر ئاستێکی فراوانتر ئەولێکدانەوەیە خرایە بەرباس ولێکۆڵینەوە ولەزۆر ناوەند وشوێنی جیاوازدا رووبەرووی رەخنەی زانستی کرایەوە، چیتر ئەوتەرزە نەیتوانی خۆی لەبەردەم نەشتەری زانستدا رابگرێت وبانگەشەی زانستێتی لێکدانەوەکە بکات، ئەمە لە کاتێکدا ئەولێکدانەوەیە وەك تاکە لێکدانەوەی زانستی بزوتنەوەی مێژوولەلایەن تیۆریستەکانییەوە خرابوویەروو، ئێمە لێرەدا دەتوانین پوختەی ئەورەخنانە بخەینەڕووکە رووبەرووی لێکدانەوەی مارکسێتی بۆ مێژوودەکرێتەوە:

یەکەم: مارکس لەسەردەمێکدا دەرکەوت کەوا دەڕوانرایە سامانی ماددی وبەدەستهێنانی وەك ئەوەی کەتاکە ئامانجی ژیان بێت. بەشێوەیەکیش دەڕوانرایە غەریزە وهەست وسۆز وویژدانی مرۆڤ وەك بەرهەمهاتوویەکی لاوەکی ئەوسامانە، بۆیە جیاوازییەکی کرۆکی لەنێوان مرۆڤ وئاژەڵدا نەبوو، تەنها ئەوە نەبێت کە مرۆڤ دەتوانێت قسەبکات، بەڵام ئەوی دیکەیان دەەسەوسانە، بەڵام مرۆڤیش لە ئاژەڵەوە بەهۆی کرداری پەرەسەندنەوە بەرهەمهاتووە وژیانی مرۆڤیش ملکەچی چەند یاسایەکی جیهانی ماددییەوبەهیچ شێوەیەك توانای گۆڕانی نیە، جا ئەوگۆڕانە لەتێڕوانینە دوورەکەیدا ولەمیانەی ئەنجامەکانیدا.

بەراشکاوی سەرزەنشتی هەمووئەوفەلسەفانەی دەکرد، کە دەربارەی مرۆڤ دەدوان وپێیانوابوومرۆڤ خاوەن (ویستێکی ئازادە)، شێوازەکانی بیرکردنەوەش بوویە خاوەن یاساگەلێکی وورد کەشێوەی ئەویاسا زانستیە سروشتیانەی دەدا کە تەحەکوم بەدیاردە سروشتیەکانەوە دەکەن وخەڵکیش پێی قایلن وهزرەکانی ئاکار وویژدانیش بۆ پشتەوە دوور خرانەوە.

بەشێوەیەك کەرێگەی بینینیان نەبێت،جا هیچ دیاردەیەك شایستەی گرنگیپێدان نەبوو، تەنها ئەوانە نەبێت کەبەلای هەستەکانەوە دیاربوون، بێگومان بەوپێیە دەبێت فکری مارکسیش ڕەنگدانەوەی سەردەمەکەی خۆی بێت، چونکە لەتیۆرەکەیدا هزرەکان ڕەنگدانەوەی واقیعی بابەتین لەسەرمێشکی مرۆڤ.[٤٦]

دووەم: بێگومان مەبەستی لێکدانەوەی مارکس بۆ مێژووبەئەندازەی ئەوەی کە ئامانجی تێگەیشتنی ئێستاوپێشبینیکردنی داهاتووبووە، ئەوەندە مەبەستی شیکردنەوەی رابردوونەبووە.

لەراستیدا ئامانجی مارکس بریتیبوولەئاشکراکردنی نەسازییەکان (تناقضات)ی سیستمی سەرمایەداری سەردەمی خۆی وپاشان پوچێتی وحەتمیەتی رووخانی ئەوسیستەمەودواتریش مژدەدانبووبە کۆمۆنیزمێتی یاخود کۆمەڵگەی بێچین، بۆیە تیۆرییەکە توێژینەوەیەکی بابەتی گەشەکردنی سیستمە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان لەمیانەی قۆناغە مێژووییەکاندا نەبوو، تا لەوێوە بەهۆکارەکانی بنیاتنان ولێکهەڵوەشانی ئەوسیستمانە

ئاشنابێت، بەڵکولێکدانەوەکە بەدەوری شیکردنەوەی سەرمایەداری لەئێستاداوپێشبینیکردنی کۆمینیزم لەداهاتوودا دەخولایەوە. لەژێرتیشکی ئەودووانەشدا راڤەی رابردووی لەکۆنترین سەردەمەوە دەکرد، تەنانەت کۆمەڵگە سەرەتاییەکان وبنەڕەتی دروستبوونی خاوەندارێتی خێزانی لێکدەدایەوە.[٤٧]

ئەوە لەکاتێکدا کە مارکس نەمێژوونووسبوو، نەمێژووشی بە تەواوی خوێندبووەوە، بۆیە تەماشادەکەین کە تیۆرییەکە لەروانگەی پەیبردن بەسروشتی رووداوە مێژووییەکان لەتێکڕای قۆناغەجیاوازەکانی مێژوودا هەژارییەکی زۆری پێوەدیارە، چونکە وەك ئاشکرایە ئەوەی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا تا ئێستا زانراوە، زۆر کەمترە لەوەی کە هێشتا پەنهانە وئاشکرا نەکراوە، ئیتر چۆن دەتوانرێت بەرەهایی بانگەشەی ئەوەبکرێت کە یاسازانسیتە حەتمیەکانی مێژوووگەشەکردنی مرۆڤایەتی بریتین لەویاسایانەی کە ئەوتیۆریە دایناوە.

سێیەم: بێگومان لێکدانەوەی مارکسێتی بۆ مێژووبەلێکدانەوەیەکی تاکرەهەندانە دادەنرێت. چونکە هۆکاری هەموودیاردە وورووداوە مێژووییەکان بۆ هۆکاری ئابوری دەگێڕێتەوە، هەمووهۆکارە رۆحی وهزرییەکان بەشوێنکەوتەی هۆکاری ئابوری دادەنێت، بەوەش لەسیفەتی (تاکێتی) رووداوە مێژووییەکان بێ ئاگادەبێت، بێگومان تێکڕای تیۆرییە تاکرەهەندیەکان لە لێکدانەوەی مێژوودا یاخود لێکدانەوەی هەردیاردەیەکی مرۆییدا هەمیشە بەوە جیادەکرێتەوە کە پشت بەورووداوانە دەبەستێت کە تیۆرەکە بەهێزدەکەن وئەوانی دیکەفەرامۆش دەکات، بێگومان مرۆڤ خۆی دیاردەیەکە لەوپەڕی ئاڵۆزییداوهەرگیز ناتوانرێت لەگۆشەنیگایەکەوە تەماشای بکرێت، یاخود بەتاکە هۆکارێك لێکبدرێتەوە، مارکس پێیوابووکە سروشتی مرۆڤایەتی لەمیانەی سەردەمەکاندا سروشتێکی گۆڕاوبووە، ئەوەبوودەستی دایە دیالێکتیکێك بۆ ئەوەی بتوانێت شوێن دینامیکێتی پەرەسەندنی مرۆڤ بکەوێت، بەلاَم کاتێك هۆکارە ماددیەکانی وەك هۆکاری سەرەکی پەیوەندیداروکاریگەر لەسەر مرۆڤ دیاریکرد، گریمانەی ئەوەی دانا کە سروشتی مرۆڤ جێگیرە، کە پێشتر بەگۆڕاوی دانابوو، بێگومان لێکدانەوەیەکی تاکرەهەندانە بەکەڵکی مرۆڤ نایەت، بەڵکومیتۆدێکی تەواوی هۆکارەکانە کەلێهاتوویی هۆکارەکان دەچەسپێنێت وپاشان کارلێکدەکەن ودواتر

یەکێکیان لەسەردەمێکی تایبەت وکۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەردەکەوێت، بەڵام ملکەچکردنی کۆمەڵگە خێڵەکی یاخود بزوتنەوەی چاکسازی ئایینی بۆ جیهانبینیەکانی سەردەمی سیستمی سەرمایەداری ئەوا توندوتیژی (تعسف) راڤەکردنی تێدایە.[٤٨]

چوارەم: مارکس پێیوابوومرۆڤ تەنها ئامێرێکە، بۆیە هەوڵیداوە کە یاسا کۆمەڵایەتیەکان لەسەر شێوەی یاسا سروشتیەکان راڤە بکات، بێگومان ئەولەپێناوگەیشتن بەومەبەستە راستیەکانی گۆڕی، لەبیریدا لەسەرووهەمووشتێکەوە یەك ئامانج هەبوو، ئەویش بریتیبوولەوەی بەهەر ڕێگەیەك بێت بیسەلمێنێت، کەشێوازەکانی بەرهەمهێنانی ژیانی ماددین کەمۆرکی گشتی ژیانی کۆمەلایەتی وسیاسی ورۆحی دیاریدەکەن، جا (مرۆڤ بوون)ی بەتەواوی لە (ئازادی ویست) دابڕی، پێیوابووپاڵنەری سەرەکی کارەکانی مرۆڤ بریتییە لە بەدەستهێنانی ئامرازەکانی خۆشگوزەرانی ماددی وڕێگەی بەدەستهێنانیشی ئەوژێرخانە راستەقینەیە کە کۆشکی ژیانی تاك وکۆمەڵی لەسەر بەرزدەبێتەوە، کاتێکیش کە گۆڕانێك لەوژێرخانەدا روودەدات، ئەوا گۆڕانێکی تەواولەوسەرخانەدا بەدیدێت کە لەسەری راوەستاوە، لەبەرئەوە هۆیەکانی بەرهەم هێنان بریتین لەبڕیاردەری جیاکەرەوەی راستەقینە کە بڕیاری چارەنووسی مرۆڤ دەدەن، ئەنجامی سروشتی ئەوەش ئەوەیە کە ئێمە پابەندبین بەوەی بڕیاری ئەوە بدەین کە (کۆمەڵ) بەتەنها راستەقینەیەوبوونی سەربەخۆ (الوجود المستقل) ی تاکەکان تەنها خەیاڵێکە وهیچی دیکە.[٤٩]

پێنجەم: ئەگەر هێزەکانی بەرهەمهێنان هۆکاری یەکەم وکۆتابن لەژیانی مرۆڤ وشارستانێتییەکەیدا، ئەوا دەبێت ئەوکۆمەڵگایانەی کە هەمانشێوەی هێزی بەرهەمهێنانیان هەیە، رووبەرووی هەمان کێشە وگیروگرفت ببنەوە، دەبێت مامەڵەکردن وچارەسەریشیان بۆ ئەوکێشانە وەکویەك بن، بەلاّم ئەوانەی کەروودەدەن زۆرکات تەواوپێچەوانەی ئەوەن، بۆ نموونە ویلایەتە گریکییەکان (لەماوەی نێوان سالأنی (٧٣٣ – ٣٢٥ پ.ز) رووبەرووی کێشەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بوونەوە، جاکاتێك فشاری ئەوکێشەیە لەزیاد بووندابوو، ویلایەتەکان هەریەکەوچارەسەری جودای بۆ دۆزییەوە، هەندێکیان وەك (کورنثوس Corinth) و(خالکیس chalcis) بەوە خۆیان لەوکێشەیە دەربازکرد، کە دەستیانکرد بەداگیرکردنی هەرێمە

کشتوکاڵییەکانی دەرەوە وئەودیوی دەریاکان لە(سقلیەوتراقیاوباشوری ئیتالیا)، بەڵام ولایەتەکانی دیکە چارەسەرێکی وایان هەڵبژارد کە ئەنجامەکەی گۆڕانی تەواوی شێوەی ژیانیانی لێکەوتەوە، جا (ئەسپارتەکان) زەوی بۆ رۆڵەکانی دەدۆزییەوە وهێرشی دەکردە سەر نزیکترین هاوسێ گریکەکانی وزەوییەکانی لێداگیردەکردن، ئەنجامی ئەوەش بریتیبوو لە بەدەستهێنانی زەوی نوێ کە خۆی خوازیاری بوو، بەڵام باجی ئەوە بریتیبوولەجەنگێکی نەبڕاوە ودووبارەی بێکۆتایی لەگەڵ گەلانی هاوسێدا، جابۆ چارەسەرکردنی ئەوهەلوێستەش پیاوانی ئەسپارتە ناچاربوون کەژیانی ئەسپارتییەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە بکەنە ژیانێکی سەربازی، بەڵام ئەسینا چارەسەری کێشەی دانیشتوانی بەشێوەیەکی دیکەکرد، ئەوەبووناردنەدەرەوەی بەرهەمەکشتوکاڵیەکانی وەستاندودەستیکرد بە بەرهەمهێنان، پاشان گەشەی بەسیستمە سیاسیەکەیدا، بەوپێیەی پشکێکی دادگەرانەی هێزی سیاسی بەوچینە نوێیانە ببەخشێت کە ئەونوێکردنەوە ئابورییە بەدیهێناوە، بەواتایەکی دیکە ئەوە دەگەیەنێت کە پیاوانی فەرمانڕەوایەتی ئەسینا لەشۆڕشێکی کۆمەڵایەتیەوە بۆ شۆڕشێکی ئابوری سیاسی ئاراستەیان وەرگرت.

بەپێی ئەولێکدانەوەیە دەتوانین دەست لەسەر کۆمەڵە نموونەیەکی مێژوویی زۆر دابنێین لەسەر جۆراوجۆرێتی (کاردانەوەکان) بەرامبەر بەمەیدانخوازییەکانی بارودۆخە مادییەکان.[٥٠]

شەشەم: بیرمەندی گەورەی کورد خوالێخشبوو(مەسعود محەممەد) لەهەڵسەنگاندنی لێکدانەوەی مارکسێتی بۆ مێژوودا گەلێك نموونەی واقیعی دێنێتەوە کە بونیادی لێکدانەوەکە هەڵدەوەشێنێتەوە، هەروەك دەڵێت: "وڵاتی سارد جلی گەرمی تێدا لەبەردەکرێ، خواردنی چەوری تێدا خۆشتر دەبێ، ئاگری پترتێدا دەکرێتەوە. کە ئەمانە هەمووی لایەنی (آلی) مامڵەت کردنە لەگەڵ دەوروبەردا کە بچیتەوە بەلای سەرخاندا هیچ راستیەك لەوساردییەوە وەرناگریت، نازانیت چ دەپەرستن، چۆن تۆڵە دەسێننەوە، چەند غەریب نەوازن، لەگەڵ ئافرەتدا چۆن رێدەکەن، چەندیەکە بەرهەمی درەخت وئاش بەخاوەند دەدرێ، سزای ژن هەڵگرتن چییە، نرخی سەگ چەندە، نازانیت ونازانیت.

ئاوايیەكانی رۆخی دەریا راوەماسی دەكەن، ئەگەر هەبێ لوولوودەردەهێنن، ئەمەش مامەڵەكردنێكی ئالی یە بەهیچ سەروبەرێكی ئەوكۆمەڵگانەت شارەزا ناكات، تا ئەگەر لەبەندری (بۆمبای)ی هندەوە بۆ بەندەری (بێروت)ی لوبنان سەفەرتكرد، هەرچی لەیەكەمیانەوە فێربوویت بەكەڵكی سەردانی دووەمیانت نایەت. بیابانشینەكانیش خێوەت نشینن، بەدوا ئاژەڵدا دەگەڕێن، ژیانیان سەختە، ئەمانەش دیاردەی ئالی وبێ راگەیاندنی بیابانشینە، ژوورخانی عەرەبستان وتوركمانستان وبیابانی (كەلاهاری)ی ئەفریقیا هێندەی ووشك وتەڕ، سارد وگەرم لەیەكدی جودان، بەهەمووبیابانەكانی جیهان بایی هەزاریەكی بیابانی نەجد شیعری بەكێش وقافیەیان نەداوەتەوە، هەرچی نموونەیەك لەم جیهانە بهێنێتەوە بۆ بەراوردكردن لەنێوانیاندا هاوچوونیەكی بێ بایەخی بنەمای ماددییان تێدادەدرێتێ وبەس، لەوە بەولاوە جوداوازی سەر لەبەروسەرانسەری ژوورخانیان دەستپێدەكات". [٥١]

حەوتەم: بێگومان بەپێی تیۆری ماركسی بۆ مێژوودەبوایە ئینگلتەرە كە لەپێش هەموووڵاتانی دیكەی ئەوروپادا ژێرخانی ئابوری گۆڕاوهەرلەسەردەمی خودی ماركسیشدا هەنگاوی گەورەی پیشەسازی نا، ئەوادەبوایە بەپێی لێكدانەوەكەوپێشبینیەكانی ماركس گۆڕانی سەرمایەداری بۆ ئیشتراكی لەوێ رووی بدایە، بەڵام پاش سەدەونیوێك بەسەر تێپەڕبوونی ئەوتیۆرییەدا دەبینین ئینگلتەرە زیاتر لەسەرمایەداری بووندا رۆدەچێت، بەپێچەوانەی لێكدانەوەكەشەوە ئەوگۆڕانە لەووڵاتێكی دەرەبەگی كشتوكاڵیدا روویدا كە رووسیا بوو. [٥٢]

تەواوبەپێچەوانەی لێكدانەوەكەشەوە دەوڵەت وسیاسەت بڕیاری بەرەوپێشبردنی هۆیەكانی بەرهەمهێنانیاندا، پاش ئەوەش ئەوژێرخانە گەیشتە پلەیەكی باڵای پێشكەوتن، ئەوانەك جارێكی دیكە بەرەوكۆمۆنی رۆیشت، بەڵكوبەرەودواوە گەڕایەوە كە سەرمایەدارییە!

هەشتەم: ماركسێتی هێزەكانی بەرهەمهێنانی كردۆتە (فیرعەون) ێكی دەستەڵاتدای ئەوتۆ كە هەرگیز بڕیارەكانی رەتناكرێتەوە، جائەوهێزانە چین؟! بێگومان بریتین لەتێكڕای ئەوهێزانەی كە مرۆڤ لەكرداری بەرهەمهێنانی ئابوریدا بەكاریان دێنێت، هەر لەسیفەتەكانی

پیتێتی خاك وئەوتایبەتمەندیانەی کە کانزاکانی پێ جیادەکرێتەوە وهێزی هەڵم وکارەبا و... هتد، بێگومان لەوانەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە:

١. ئەورەگەزانە کۆن ودێرینن.

٢. لەگەڵ ئەوەشدا هەزارەها ساڵ بەسەرمرۆڤدا تێپەڕبووە، پێش ئەوەی بەکاریبهێنێت یاخود رامی بکات، جا ئەگەر ئەورەگەزانە خۆیان بکەری خۆیان بوونایە، ئەوا لەکۆنترین سەردەمەوە شوێنەواریان دەردەکەوت، بەڵام مرۆڤ پاش ئەوەی لەلایەنی زانستی وشارستانێتی یەوە پێشکەوت ئەوکاتە سودی لێ وەرگرت، بێگومان مرۆڤ بکەربوونەك ئەورەگەزانە، چونکە لەوکاتەوەی خۆر پەیدابووە ئاوهەڵمەکات،بەڵام ئایا تەمەنی بەکارهێنانی هەڵم دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟ ئەگەر هێزەکانی بەرهەمهێنان خۆیان داهێنەربن، ئەوا بۆ هەزارەها ساڵ تەزووی کارەبایان نەدۆزییەوە؟ یاخود روونتر بۆ (ئەدیسۆن)یان پێشتر بەدی نەهێنا؟ یاخود (جێمس وات - ١٧٣٦ — ١٨١٩) کە هێزی هەڵمی دۆزییەوە، لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین: ئایا کارەبا وهێزی هەڵم ئەدیسۆن وجێمس واتیان دۆزییەوە یاخود بەپێچەوانەوە؟!

نۆیەم: بێگومان ئەگەر بەپێی لێکدانەوەی مارکسی بۆ مێژووهۆیەکانی بەرهەمهێنان ئایین وهونەری گونجاوبەخۆی بەدیبهێنێت، ئەوا دەبوولە هندستاندا یەك ئایین بەدیبهاتایەوهەریەك لەئایندارە موسوڵمان وهندۆسە جیاوازەکان بە پەرۆشەوە باوەڕیان بەئیسلام یاخود هیندۆسی بهێنایە، چونکە هندۆس وموسوڵمانەکان هەمان شێوەی بەرهەمهێنانیان هەیە.

بۆ نموونە لەکوردتانیشدا چۆنێتی مڵکایەتی ودابەشکردنی بەندە بەوئایینەی کەکوردنشینەکە باوەڕی پێی هەبوو، دوورمەبینە جۆری دۆشاوگوشین ومێوژ راخستن لەموسڵمانێکەوە بۆ دراوسێ گاورەکەی بگۆڕێ، هەروەك جۆری حەیوان سەربرین دەگۆڕێ، چێشت لێنان دەگۆڕێ، مارەیی دەگۆڕێ، فرمانی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێ، سەگ وبەراز دەگۆڕێ، چاك وبەد، پاك وپیس دەگۆڕێ، بەڵام هەر چونکە پۆشاك ونوێن وپێڵاوشتی ماددین وسەرناکێشنەوە سەرعەقیدە (کەسەرخانە) دەشێ هاوچوون بن، خۆ ئەوساش ئەگەر

لەکەلێنێکەوە تیشکی عەقیدەیان بۆ هات بایی پێداویستی عەقیدە دەبێ بگۆڕین، وەك ئەوەی لەئیسلامەتیدا ناشێ پۆشاکی ئافرەت لەرووەدەست وپێی بەولاوە دیاربخات، دەبێ قۆڵی جلك بایی هەڵکێشانی بۆ دەستنوێژ ئاسان بێت. بێگومان مەبەست لەم نموونانە ئەوەیە چۆن سەرخان کەزەنەی مێشك ودەروونی مرۆڤە زاڵ دەبێ بەسەر ژێرخان یاخود بنەمای ماددیدا تائەوەی دەبینین خۆراکێك کە بژێوە بەتەواوی حەرامدەبێ، وەك (گۆشتی بەراز وشەراب) وەیا هەڵتەنگاوتنی دەمی تیغ بایی یەك ئینج لە شوێنی تایبەتی گەردنی ئاژەڵ گۆشتەکەی لەئیسلام حەرام دەکات، خۆ ئاین بەچکەی ئیلهام وغەیب وئاسمانەکە دەکاتەوە دوژمنی بابەکوشتەی ماددەوئیلحاد.[٥٣]

بەهەمان شێوەش دەبووژێرخانی ئابوری لەکوردستاندا یەك شێوە هونەری بەرهەمبهێنایە، بەلاّم ئێمە دەبینین بەری بادینان لاوك دەڵێن وبەری سۆران ودزەییان حەیران دەچڕن، ئەگەر زیاتریش بەرەوگەرمیان داکشێنین قەتاروئەلّلاوەیسی دەوترێتوبەرەوهەورامانیش سیاچەمانە وبەرەوکویێ بڕۆ نیوەشەو(دەماغم وزانە) دەوترێت.[٥٤]

هەمووئەمانەش ئاخاوتنی سەربەخۆوچەژوداڕینی خودییان هەیە کە لەیەکدی ناکەن، خۆ ئەگەر تەماشای بەرتەسکی ئەوهەرێمانەی ناومان هێنان بکەین سەرسام دەبین لەوەی کە چۆن لواوە فۆلکلۆرەکەی هێندە لەیەکدی جودابێت، لەهەمووئەوانەش سەیرتر ئەوەیە کە بووترێت دەبێت هونەری ئەووولاّتانەی هەمان شێوەی بەرهەمهێنانیان هەیە، دەبێت هونەرەکەشیان وەك یەك وابن!!

دەیەم: ئەگەر کەمێك ووردتر لەپەیوەندی ئامێر وکرێکار وردبینەوە، ئەوا بەروونی بەوراستیە ئاشنادەبین، کە هەر پێشکەوتنێك وگۆڕانێکی چاکترکە لەوئامێرانەدا کرابێ ئەوا مێشکێکی غەیری مێشکی جوتیار وشوان وگابەدەلەوان کردوویەتی! هەرگیزاوهەرگیز داهێنەری تراکتۆر وئاشی ئاگر وفڕۆکە، جوتیار وئاشەوان وکاروانچی نەبوون، خەرەك لەبلیمەتی خەرەك رێسەوە نەبووبە فابریقەی قوماش، کابانی ماڵ مەنجەڵە رەشی نەگۆڕی بەمەنجەڵی کارەبا، هەمیشە فکری بەرەوژوورتر لەرێکاری جووت وئاش وئاگردان وخەرەك وتەپکە وکەکوچ زەفەری بردووە بەداهێنان وگۆڕین وبەروپێشچوون، مەرجی یەکەمی

دۆزینەوە وداهێنان ڕەهابوونە لەکۆتی تەسلیم بوون بە (پلەی مێژوووهۆی بەرهەمهێنان)، هەمیشە کاتیش ئەورەهابوونە لەئیلهامی ئاسۆی یەکجار بەرزتر وفراوانتر وگەشتر لەئاسۆی ڕەش وتەسك وتاریکی زیندانی پلەی مێژوویی وهۆی بەرهەمهێنان، بگرە بەدوژمنایەتی ئەوانیش ڕوویداوە، ئەدیب وهونەرکار هەر چونکە وەك جوتیار ورەزەوان بەدرێژایی ژیانی سەری بەسەر خەتەجووت وبنەدرەختدا نەگرتووە، بەوەشدا ڕێی بینینی ئاسمان وسروشت وچەشمەندازی لێ کوێرنەبۆتەوە، توانیویەتی بەرەوئەدەب وهونەر بڕوات. تەنانەت لەم ڕۆژگارەشدا داهێنەرەودۆزەرەوە ئەوکەسە نیە کە مامەڵەی ئالەتی وبێ فکر لەگەڵ دروستکراوە سەرسوڕهێنەرەکاندا دەکات، لێخوڕی ئوتۆمبیل کە بەراورد بکرێ لەگەڵ داهێنەرەکەی وەك لێخوڕی ئێسترە لەچاوزاناوئەدیب وهونەرکاری سەردەمی خۆیدا، کەسانێکی وەك لێخوڕی تراکتۆر کە مامەڵەی ئالەتی لەگەڵ بەرهەمەکانی ڕۆژگاری خۆیاندا دەکەن لەوەتێ ناپەڕێن کە بەراهاتن وشارازەبوون ببنە کۆمپیوتەر لەکارەکانیدا، یاخود بابڵێین وەك ئەودامەزراوانەیان لێدێ کە ئۆینی هەرە پەنامەکی لەچەند بەردێکی سەرتەختەدا مەکەسازدەکات، بەڵام یەك هەنگاوبەرەوهیچ جۆرە مەهارەتێك یاخود ڕۆشناییەکی دەرەوەی دامەکەوە ناچێ.[٥٥]

لەماوەی (٥٠٠٠) ساڵدا جووتیاری گارەش نەیتوانی ونەیزانی بنەڕەتی هیچ یەکێك لەئامێزەکانی جووت بگۆڕێت، تەنانەت گۆڕانی (گاسن) شارستانیەکی چاوکراوەتر لەجووتیار دایهێنا، ڕەزەوان بۆ ماوەی چەندین هەزار ساڵ لەکۆڵی دۆشاودا شەپەتکێی بەسەرکیسە کیسە پووزووی ترێوە دەکرد، هەتا لەدەرەوەی جغزی ڕەزەوانی ودۆشاوگوشیندا بابەیەکی پیشەسازی لێزان ئامێری (گوشەر)ی دروستکرد، تیروکەوان بەدەستی شەڕکەر ورواوکەرەوە نەبووبەتفەنگ ودەمانچە، هیچ پێشکەوتنێك بەرەوچاکترەوەبردنێکی هۆی بەرهەمهێنان لەسەردەستی بەکارهێنەرەکانیان ڕووینەدا، بەڵکولەرێکارێکی گەلێك بەرەوژووتری ئەوانەوە سەرەدەری لێکرا، ئیتربۆچی دەبێت سەرخان مەحکومی ئەوئامێرە بێگیانانەبن؟ گاسنێك نەتوانێت لەلای خۆیەوە بەرەوپێشترببێتەوە چۆن دەبێتە مامۆستای ئەرستۆ وشافیعی ونالی؟ خەرەك وئەبوونەواس؟ تەپکە وفیساگورس؟ تەشی وسەلاحەددین؟ ئاش ولۆگاریتم؟ هەروەك

خوالێخۆشبوو(مەسعوود محەمەد) لە درێژەی ئەم بابەتەدا دەڵێت:" ئەوەندەی سەردەهێنم ودەبەم بەخەیاڵ وبەوڕێنەش خۆم پێ ئیقناع ناکرێ زانست وئەدەب وهونەر مارەبڕاوی پێستە ڕێوی ومزەی ئاش ولەوەڕگەی مەڕ ومازووچنین بکەم".[٥٦]

جا ئەگەر زانست وئەدەب وهونەرو فەلسەفە ڕەنگدەدەرەوەی هۆی بەرهەمی وەك دەرزی وتەڵەوخەڕەك وداس ودرێشەبایە، هەتا قافی قیامەت هێزی هەڵم وکارەبا وئاتۆم لەهەناوی سروشتی مردوودا وەك زیندوی ناوزیندان دەمانەوە.

یانزەیەم: بێگومان هونەرمەند پەیکەری وێنەکەی لەجیهانی دەرەکی یەوە وەردەگرێت، بەڵام ئەوشتەی زیاتر ئەفسوناوی ورەسەنێتی بۆ وێنەکە زیاددەکات، بریتییە لەورۆحەی کەهزری هونەرمەندەکە دەیکاتە ئەوپەیکەرەوە، بۆنموونە شکسپیر مادده مێژووییەکانی بۆهەرسێ شانۆ ڕۆمانیەکەی بولیوس قەیسەر، ئەنتۆنی وکیلۆباترا وکوریولیناس لەوەرگێڕدراوی سیرتوماس نورت (SIR THOMAS NORTH) وەرگرتووە، لەوبەرگەی ئەسقەفی ئامیۆی فەڕەنسی لەکتێبی (مێژووی ژیانی پیاوان)ی (پلۆتارك)، بەڵام ئەوشتەی زیندوویێتی بەوچیرۆکانە بەخشیوە، ئەوخستنەرووە بلیمەتانەیە کە شکسپیر ئەنجامیداوە وپۆشاکێکی بێوێنەی لەبەرکردوون وکەسەکانی بەهەموجیاوازییەکانەوە وبەپیاوان وژنانیانەوە والێکردووە، وەك زیندوێك بن، کەسێك نیە بڵێت شکسپیر ئەوشانۆیانەی نووسیوە، لەبەرئەوەی کەرەستەکەی لەپلوتارك وەرگرتووە، ئەگەر خوێندنەوەی ئەوکتێبە بەتەنیابەس بوایە بۆ نووسینی ئەوجۆرە بەرزەی شانۆکان، ئەوا زۆرکەسی دیکە دەیتوانی ئەوبەختەگەشە بۆ خۆی مسۆگەربکات، بەڵام ئێمە دەبینین بلیمەتی شکسپیرە بەتەنها کە ئەوپایە بێوێنەیی لەمێژووی ئەدەبی شانۆیدا پێبەخشیووە. جاجوانی ڕاستەقینەی لەشانۆکانیدا لەچیرۆکەکەدا نیە، بەڵکولەشێوازی بنیاتنانی کێشەکەدایە، ئەولەپێناوگەیشتن بەلوتکەی مەبەستەکانی بەووردی گرنگترین درێژبووەکان (التفاصیل) هەڵدەبژێرێت وهەموئەوانەشی لێدووردەخاتەوە کە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە لەسەر بونیادنانی ئینتباعی **(انطباع)** گشتی، بەوشێوەیە دەبینین زیرەکی شکسپیرە کە گیانێکی زیندوودەکات بەبەر قوڕێکی کەرەستەی شانۆکانیداو، بەهرە ژیرێتییەکانێتی کەکانزا سوکەکانی بۆ زێڕێکی پاڵفتە دەگۆڕێت.[٥٧]

بەمشێوەیە وەك بیرمەندی گەورەی کورد دەڵێت:" ئەوکەسانەی دێن قۆناغی مێژووی دەدەنەوە بەرهۆی بەرهەمهێنان ولەمرۆڤی دەسێننەوە، لەڕاستیدا ماددەی مردودەبەنە جێگەی مرۆڤ ومرۆڤەکەش دەچێتەجێگەی ئەوماسیەی بەتۆڕ وقولاپ راودەکرێ، چونکە مرۆڤەکەش لەوتەرزە شیکردنەوەیەدا مەحکومی تۆڕوقولاپەکەیە، ئینجا مەحکومی ماسیەکەشە بەنامەی ناچاربوونی بۆ راوکردنی ماسی بەنیازی خۆ ژیاندن".[٥٨]

بێگومان (برتراند رسل)هەندێ نمونەی ناوازە دێنێتەوە کە چەند روداوێك بە ڕێکەوت روویداوە، بەلاّم شوێنەواری یەکلاکەرەوەی لێکەوتەوە، دەڵێت:" بەراستی موجازەفەبووکە حکومەتی ئەڵمانی رێگەی بەگەڕانەوەی لینیندا لەساڵی ١٩١٧ دا بگەڕێتەوە بۆ روسیا، جائەگەر ئەووەزیرە ئەڵمانیە بیگوتایە (نەخێر) نەك (بەڵێ) کە گووتی، ئەوا زۆر ئەستەمە کەبتوانین بنشی ئەوەبکەین، شۆڕشی روسی هەمان ئەورێچکەیەی دەگرت کە گرتی، پاشان ئەگەر (جنوا) (کورسکا) ی تەسلیم بەفەڕەنسا نەکردایە لەساڵی ١٧٦٨ دا ئەوا ناپلیون کەساڵی دواتر تێیدا لەدایکبوو، دەبووە ئیتالی وژیانێکی سیاسی لەفەرەنسادا نەدەگوزەراند، ئێستا کەسیش ناتوانێ بانگەشەیەکی (جدی) ئەوەبکات کە مێژووی فەڕەنسا هەمان ئەومێژووە دەبووبەبێ ناپلیۆن!.[٥٩]

هەروەها ئەگەر ستالین دەرنەکەوتایە لەسۆڤێتدا کەنزیکەی (چل) ملیۆن نەفەری قڕکرد، ئایا ئەگەر کەسێکی دیکە بوایە هەرهەمان کرداری قڕکردن پیادەدەبوو، جاسەرزەنشتی ستالین بکەین کە خوێن رێژبووە، یاخود سەرزەنشتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان کەستالینیان بەدیهێناوە؟! بێگومان لەمبارەیەوە نموونە ئەوەندە زۆرە لەژماردن نایەت، بێگومان لەمێژوودا چەندەها چرکەساتی یەکلاکەرەوە هەیە لە ژیانی هەموونەتەوەیەکدا، جا ئەگەر هەنگاوی دروست ولەکاتی خۆیدا تێدانرا ئەوا نەتەوەیەك لەتیاچوون رزگار دەبێت، بەپێچەوانەشەوە لەدەستدانی چرکەساتێکی یەکلاکەرەوە دەبێـەهۆی تیاچوون ونەهامەتی نەتەوەیەك.

دوانزەیەم: بیرمەندی گەورەی بۆسنیش (عەلی عیزەت بیگۆڤیچ) پێیوایە کە مارکسێتی لەرووی تیۆرییەوە لەگەڵ خۆیدا یەکدێتەوە، بەلاّم وەك پێویست لەمومارەسەی کرداریدا

لەگەڵ خۆیدا یەك نایەتەوە، هەرلەسەر ئەم ڕێسایە دەچینە نێوهەڵسەنگاندنی لێکدانەوەی مارکسێتی بۆ مێژوو، هەروەك سەرەتا هێڵەپانەکانی لێکدانەوەکە دەخاتەڕوو(نزیك لەوشێوەیەی خستمانەڕوو)، پاشان دێت وئەونەسازییانەی لێکدانەوەکە کە لەنێوان تیۆر وواقیعدا هەیەتی دەخاتەڕوو، هەروەك دەڵێت:" لەژیانی واقیعدا مەسەلەیەکی دیکە هەیە، هەروەك چۆن بڕواداران زۆرپشت بەدەخالەتی پەروەردگار نابەستن، بێ بڕواکانیش زۆر بڕوایان بە (پەرەسەندنی سروشتی ڕووداوەکان نیە) ئەوان هیچ شتێك ناهێڵنەوە بۆ ئەوشتانەی بە (فاکتەرەبابەتیەکان) ناوەزەد دەکرێت، بەڵکوهەوڵدەدەن کاریگەرییان هەبێت بەسەر مرۆڤ وڕووداوەکان.

بەمشێوەیە ئایدیۆلۆجی کۆمۆنیستی ( بەشێوەی سروشتی) کاتێك لەشوێنێك دەرناکەوێت، ئەوان هەڵدەستن بە ئیستزادکردنی ،هەر لەبەر ئەمەشە کە دەبینین ئەوانەی کەپێیاندەوتین کەسەکان لەڕەوتی ڕووداوە مێژووییەکاندارۆڵیان نییە هەرخۆیان چەند سەرکردەیەکی دوور لەهەڵە دەخولقێنن (خواوەندێك سەری لەهی ئەوانی دیکە گەورەترە) پێویستە ستایشیان بکەین لەسەر حیکمەتەکانیان لەهەمووشتێکدا هەر لەسەرکەوتنەکانی زەمینەی جەنگەکانەوە تاپەرەسەندنی (شۆڕشگێڕانەکەیان) لەزانستەکانی زماندا، بەپێی خشتەی ڕووداوە مارکسییەکان دەبێت چاوەڕێی ئەم ڕووداوانە نەبین، گەشەکردنی پیشەسازی دەبێتە مایەی دەکەوتنی چینی پڕۆلیتار وحیزبی سیاسی، بەڵام ئەوەی لەواقیعدا دەگوزەرێت تەواوبەپێچەوانەی ئەمەوەیەوبەمشێوەیە لەهەندێ دەوڵەتی دواکەوتوودا چەند حکومەتێکی کۆمۆنیستیمان بینی کەبڕیاری دامەزراندنی پیشەسازی داوە وپاشان لەدوای ئەوەوە چینی پیشەسازی دەرکەوتووە، واتە بونەوەرەکە بەپرۆسەیەکی هۆشیارانە خەڵقکراوە ومێژووش سیاسەتی دورستکردووە (بونیادی سەرخان)یش بناغەکەی دروستکردووە، نەك بەپێچەوانەوە، بەوشێوەیە هیچ لەپرۆژەکەی مارکس نەماوەتەوە هێزی سیاسی (تۆقێنەر)ی حیزبی شیوعی نەبێت، تەنانەت ئەم حیزبەش لەچینی پڕۆلیتار پێکنەهاتووە، بەڵکوئاوێتەیەکە لەچەند ڕەگەزێکی کۆمەڵایەتی جیاواز.[٦٠]

پەرەسەندن لای مارکس پلەبەندییە، بەلاّم حەتمی وسەرکێش کەناکرێت ڕێی لێبگیرێت یان بەسەریدا زالّبین، لەگەلّ ئەمەشدا، مارکسیزمەکان سوورن لەسەرفەرزکردنی تەنیا (وەسف) ێك لەسیستمی کۆمەلاّیەتی وئابوری بۆ هەموودەولّەتەکان، بیّ ئاگا لەوحەقیقەتەی کە پەرەسەندنی ئابوری وکۆمەلاّیەتی ئاستەکەی بەتەواوی جیاوازە لەدەولّەتێکەوە بۆ دەولّەتێکی دیکە.

بەمشێوەیە دەبینین بەرنامەی حیزبی شیوعی ئەمریکی جیاوازییەکی جەوهەری لەگەلّ بەرنامەی حیزبە شیوعیەکانی کوستریکا ویاخود ئیندۆنوسیادانیە، لەجیهانی ئەمڕۆدا پتر لە (٨٠) حیزبی شیوعی هەیە کە لەبارودۆخێکی جیاوازی ئابوری وکۆمەلاّیەتیدا کاردەکەن، لەدەولّەتانێکدا کەپلەی پێشکەوتنیان لەنێوان خێلّەکیبوون لەئەفریقاداوپێشکەوتووترین دەولّەتە سەرمایەدارەکانی ئەوروپادایە، لەگەلّ ئەمەشدا ئەم حیزبانە بەگشتی مژدەی هەمان نموونەگەلی ئابوری وسیاسی وکۆمەلاّیەتی دەدەن: خاوەندارێتی بەکۆمەلّی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان وکێلّگە کۆمەلّیەکان و سیستمێکی سیاسی کە لەتەنیا حیزبێکدا کورت بووەتەوە، پاوانکردنی بیرۆکەکان وسیاسەت.

ئەگەر فیکرە مارکسێتیەکانی کە پەیوەستن بە (ژێرخان) و(سەرخان)ە وە ڕاستبێت، ئیتر چۆن بنیاتنانی هەمان (بونیادی سەرخان) لەسەرچەند ژێرخانێکی جیاواز ڕاست دەردەچێت؟ هەروەها چۆن پراکتیزەکردنی سۆشیالیزم لەسەر ئەم بنەماکۆمەلاّیەتیە ئابورییە جیاوازانە مەیسەر دەبێت، ئەگەر گریمانەکانی ماتریالیزمی مێژووی ڕاست بن.[٦١]

سیانزەیەم: شێوای تەفسیرە ماددیەکان بۆ ڕووداوە مێژووییەکان ئاسانە بەشیکردنەوەی هەرماوەیەك لەماوە مێژووییەکان بەلّگەی لەسەر بهێنرێتەوە، بەلاّم دوورتر لەوە گالّتەپێکردنێکی مێژووییانە هەیە لەوحەقیقەتەدا کەهەتا دەرکەوتنی خودی بزافە کۆمۆنیستەکان لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا بە بەلّگەیەك دژبەتیۆری ماددی دادەنرێت، کودەتا مارکسییەکان ڕوویان نەدا کە دەبووبەپێی ئەم تیۆرە ڕوویانبدایە، مێژووی کودەتا مارکسیەکان زنجیرەیەك لەحالّەتە دەگمەنەکانن کە لەتێڕوانینی ماتریالیزمی مێژووییەوە لێکدانەوەیان نییە، سەرکەوتنی بزافە کۆمۆنیستیەکانیش بەهۆی ڕەخسانی

هەلومەرجەبابەتیەکانەوە نەبووە، بەڵکوبەهۆی فەراهەمبوونی چەند رەگەزێکی کەسی (شخصی) ونابابەتیەوە بووە، واتە بەهۆی سەرهەڵدانی حیزبێکی شیوعی بەهێز یاخود دەستێوەردانی هێزێکی بێگانەوە بووە.[٦٢] چواردەیەم: مارکس وئەنگلز ماددێتی مێژوویيان بەوپێیە خستوەتەرووکە راڤەکردنی واقعی مێژووە ولێکدانەوەیەکی کردارییانەیە، لەگەڵ ئەوەشدا تیۆریەکە تێکەڵێەك دەکات لەنێوان جیهانی واقع وجیهانی بەهاکاندا، جاسەرەڕای کە ئەوان رەخنە لەسەرمایەداری دەگرن لەسەربنەڕەتی ئەودژکاریانە (**متناقضات**)ی لەنێوانیاندا هەن نەك لەسەربنەڕەتی ئەوستەمەی کەبەرامبەر بەکرێکاران دەکرێت.

ئەوان مژدە بەکۆمۆنیستی دەدەن، بەوپێیەی کە کۆمەڵگەیەك بەختەوەری مرۆڤەکانی تێدا بەدیدەکرێت، ئەوان هیوای بەدیهاتنی فیردەوسێك لەسەرزەویدا بەکرێکاران دەدەن، کە ئەوەش پێشبینیکردنێکی ئاکارییە، ئەوان وەسفی ئەوەناکەن کە واقعە، بەڵکوپێشبینی باشێتی کۆمەڵگەی بێ چین دەکەن، کە کۆتایی ئازارەکانی مرۆڤایەتیە، ئەمەش بڕیاردانێکی (تعتیمی) یە کە لەگەڵ نەزعەی زانستێتی واقیعێتی داد دژدەوەستێت.[٦٣]

ئەمەلەکاتێکدا کە ئێمە ناتوانین لەتێڕوانینی ماددێتی مێژوویی یەکلایکەرەوە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیە دادپەروەرەکان یاخود ستەمکارانەکان بدوێین، ئەمە تەنها لەمومارەسەی کرداریدا دەکرێت، بەڵکوبەپێی ئەم تیۆرە تەنها پەیوەندیگەلێك لەئارادا هەیە کە دەشێت پارێزگاریان لێبکرێت یاخود لێیان نەکرێت، پێویستە تێبینی ئەمەش بکەین کە زاراوەی (دادپەروەری) زاراوەیەکی ئاکارییە، بەڵام زاراوەی (پارێزگاریلێکردن) زاراوەیەکی ماددی میکانیکیە، مادەم سەرمایەداری سازاوبێت لەگەڵ بنەما تەکنیکیەکەیدا (واتە هێزەکانی بەرهەمهێنان) ئەوا سستم بەردەوام پارێزگاری لەمانەوەی خۆی دەکات وپاساودراویش دەبێت لەهەمانکاتدا، پرنسیپەئاکارییەکان هیچ شتێك یەکلاناکەنەوە، هیچ شتێك یەکلاناکرێتەوە تەنها فاکتەرە بابەتیەکان نەبێت، یاخود وەك (مارکس) بەروونی دەڵێت:" مادەم سیستمی بەرهەمهێنان پێویست بێت، ئەوا ئیستغلالکردنی مرۆڤیش لەلایەن مرۆڤەوە دەبێتەکارێکی پێویست".

ئەمەلایەنی تیۆری شتەکانە، ئەی لایەنی مومارەسەی چۆنە؟

مارکسیەکان بۆ خۆشیان پابەندیەکی یەکلاکەرەوەیان بەم پێناسە بلیمەتانە (العبقری) یەوە نیە، چونکە ئەمە وادەکات هەمووهەوڵێکی مرۆڤی بێ سوودبێت وراهاتووین دۆزینەوەی پێناسە زیرەك ولۆژیکیەکان لەکتێبەکانی قوتابخانەدا بۆیان بگەڕێین، بەڵام لەمومارەسەی کرداریدا هەمووسمان چەند چەمکێك بەکاردەهێنین کە کەمتر وردن، بەڵام لەمرۆڤ وژیانەوە نزیکترن، لەمومارەسەدا مارکسیەکان بەتایبەتیش سەرکردە سیاسیەکانیان زاراوەی (ئیستغلال) تەنیا بەمانا ئەخلاقی وئینسانیەتەکەی بەکاردەهێنن، ئیستغلالیش لەوەدا دەوەستێت کە (ڕێبازی بەکارهێنانی ئەوانی دیکە) بێت. واتە (پیادەکردنێکی ئابوریانەی تەکنیکە لەکرۆکی پرۆسەی بەرهەمهێناندا)، لەکتێبی (رأس مال) ی مارکس داولە فەسڵی (رۆژی کار)دا بەروونی لەچوارچێوەی بیرۆکەی خێروشەڕدا زاراوەی ئیستغلال خراوەتەڕوو، بەرهەمهێنەر کەسایەتی شەڕخواز لەخۆدەگرێت وقوربانی بەرهەمهێنان کەسایەتی چاك ودادپەروەری دەنوێنێت، (یەکێتی پیاوچاکان) مان لەیادنەچێت کەلای (مارکس) پێش (یەکێتی شیوعیەکان) کەوتووە، ئەمەش شوێنەوارێکە لەنوسینەکانی (مارکس)دا تەنانەت بەناویش ماونەتەوە، لەکاتێکدا مارکس نموونەگەلێکی لەبارەی (ئیستغلال)ی کرێکارانەوە پێشکەشدەکرد، پڕبوولەتۆمەتی وا کەناکرێت بشارێنەوە، هاوشان لەگەڵ رای پێغەمبەرانی (سەردەمی کۆیلەکان) (العهد القدیم)ە، کە ستەمکارە شەڕئامێزەکانیان دەخرۆشان، بەڵام هەڵوێستی چاکسازە ئایینیەکان ئاشکرایە کە بڕوایان وایە شەڕگەری لابردنی هەیە، تاوانبارکردنی لەسەرکارە خراپەکانی ئەوە دەگەیەنێت کە تۆدان بەوەدا دەنێیت کەهۆکەی دەرەنجامی هەڵبژاردنی ئازادانەی مرۆڤە ئەگەر نا ئەوا تاوانبارکردنی شەڕ بێ مانا دەردەچێت، بەڵام مادەم لەواقیعدا ئیستغلالکردن ئیدانەدەکەین، تەنانەت مارکسیش بۆخۆی وایدەکرد.

ئەوا ئەمە بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکی ناکرێت بچوك بکرێتەوە بۆ کۆمەڵە زاراوەیەکی ئابوری رووت، مارکس لەسەرحەق بووە لە ئیدانەکردنیدا بۆ ئیستغلالکردنی (پێویست)، بەڵام لەمەدا لەگەڵ فکری خۆیدا هاورێك وگونجاونەبوو، بەوشێوەیە تەنانەت ناودارترین بیریاری ماتریالیستیش ماددیەکی (خوراگر) نەبووە

ونەیتوانیوە وابێت، دەبا سەرسام بین لەوەی کە ماددێتی (لینین) ی بێ باوەڕ چۆن بووە، ئەوووتوویەتی نوسەرە هەرە کارتێکەرەکەی (تۆڵستۆی) بووە، وادیارە هێزی مارکسیزم لەنەبوونی جێگیرییەوە بووە لەسەر ماددیەت، واتە لەبوونی چەند رەگەزێکی ئەخلاقی ومیسالیەوە تێیدا کە (مارکس) نەیتوانیوە خۆی لێدەربازبکات، مارکسیزم ویستی بێتە زانست (بەلاّم سەرکەوتوونەبوو) لەبەرئەوەی بانگەوازێك بووە، مژدەی بەهیواودادپەروەری هیومانیزم داوە، بەپێچەوانەی ئیرادە وئامانجەکانیانەوە (مارکس) سەرمایەداری وکرێکارانی بەتەنها وەکوکارکرد داینەناون، بەڵکوبەچەند کەسێتیەکی ئەخلاقی وهێماگەلێکی زیندووی خێروشەڕ دایناون، یەکەمیان (سەرمایەداری) ستەمکارێکی زاڵە ودووەمیشیان (پرۆلیتاریا) چەوساوەیەکی ژێردەستەیە، ئەم پۆلێنکردنەش مرۆڤەکانی گیرۆدەی مەسەلە ئەخلاقیەکان کردووە، لەرێگەی ئەم پەیوەندیەشەوە لەنێوان پرۆلیتاریا وخاوەن سەرمایەکاندا مرۆڤی ئەوروپی گەڕاوەتەوە مومارەسەی دوژمنایەتی جولەکەکان دەکات لەنێوان دادپەروەر وزاڵمدا.

**پەراوێز وسەرچاوەکان**


**١.عبدالحميد صديقي: تفسير التأريخ، صـ٨٧، ترجمة: د.كاظم الجوادي، الطبعة الآولى، دار القلم، الكويت،١٤٠٠هـ- ١٩٨٠م.**

٢. سڤێن –ئێرك ليدمان: رێگوزەری بیری سیاسی، لـ١٧٩، وەرگێڕانی: ئاسۆس کەمال وەشانێن ئاپێك، سوید- ستۆکهۆڵم، ١٩٧٠.

**٣. ج.د.ه. كول رواد الفكر الاشتراكي، صـ٣٨٣، ترجمة: منير البعلبكي، الطبعة الثانية، دار العلم للملاين، بيروت – لبنان، ١٩٧٨.**

٤.سڤێن ئێرك ليدمان: سەرچاوەی پێشوو، لـ١٧٩.

٥.هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦. عبدالحميد صديقي: المصدر السابق، صـ٨٨ ومابعدها.

**٧. ر.ج.كولنجود: فكرة التاريخ، صـ٢٢٦، ترجمة: محمد بكير خليل، راجعة، محمد عبدالواحد خلاف، وزارة التربية والتعليم، القاهرة، ١٩٦٨.**

**٨. الدكتور عمادالدين خليل: التفسير الاسلامي للتاريخ، صـ٤٢، الطبعة الثانية، مطبعة اوفسيت الميناء، بغداد، ١٩٧٨.**

٩. سڤێن –ئێرك ليدمان: سەرچاوەی پێشوو،لـ١٧٩ ودواتر.

١٠. سەرچاوەی پێشوو، لـ١٨٠.

١١. عبدالحميد صديقى: المصدر السابق، صـ٨٨.

١٢. سڤێن –ئێرك ليدمان: سەرچاوەى پێشوو، ١٨٠.

**١٣. عبدالحميد صديقي: المصدر السابق، صـ٨٧، عمادالدين خليل: المصدر السابق، صـ٤٠.**

**١٤. ١–ج.د.هـ. كول: المصدر السابق، ٣٨٦.**

**١٥. المصدر نفسه**

**١٦.بودستينيك وسبيركين: المادية التاريخية عرض مختصر: صـ٢٢ ومابعدها، ترجمة: منشورات دار المكتبة الحياة، بيروت، لبنان، ١٩٧٩.**

**١٧. المصدر نفسه، صـ٢٥.**

**١٨. المصدر نفسه، ٢٦.**

**١٩. المصدر نفسه، صـ٣٠.**

٢٠. بورهان قانع: زاراوەى نوێ يان فەرهەنگى نوێ، لـ١٠ ودواتر وەرگێڕدراوە، چاپى يەكەم، چاپخانەى (الحوداپ) بەغدا، ١٩٨٤.

٢١. هەمان سەرچاوەى، لـ١٠٢ـ١٠٣.

٢٢. هەمان سەرچاوە، لـ٨٦ـ٨٧.

٢٣. هەمان سەرچاوە، لـ٧٤.

٢٤. بودستينيك وسبيركين: المصدر السابق، صـ٦١.

٢٥. المصدر نفسه، صـ٦٢ ومابعدها.

٢٦. بورهان قانع: سەرچاوەى پێشوو، لـ٤١ ودواتر.

٢٧. هەمان سەرچاوە.

**٢٨. بودستينيك وسبيركين: المصدر السابق، صـ١١٢ ومابعدها.**

**٢٩. محمد باقر الصدر: إقتصادنا، صـ٥٣، طبعة جديدة مصححة ومنقحة مؤسسة دار الكتاب الأسلامي.**

**٣٠. على عزت بيجوفيتش: الاسلام بين الشرق والغرب، صـ٣٥٥، ترجمة، محمد يوسف عدس، الطبعة الاولى، مؤسسة العلم الحديث، بيروت، ١٩٤٤، م.ج.د.ه..كول: المصدر السابق، صـ٣٩١.**

**٣١. الدكتور احمد محمود صبحي: في فلسفة التاريخ، صـ٢٣٣، دار النهضة العربية، بيروت،١٩٩٤.**

**٣٢. محمد باقر الصدر: المصدر السابق،صـ٤٥.**

**٣٣. عمادالدين خليل: المصدر السابق، صـ٤٥ – ٤٦.**

**٣٤. المصدر نفسه: صـ٤٦.**

**٣٥. محمد قطب: مذاهب فكرية معاصرة، صـ٢٨٤، دار الكتاب الاسلامى، قم – ايران.**

**٣٦. هةمان سةرضاوة.**

**٣٧. محمد باقر الصدر: المصدر السابق،صـ١١٩.**

**٣٨. عمادالدين خليل: المصدر السابق، صـ٤٦ ومابعدها.**

٣٩.ج.د.ه.كول: المصدر السابق، صـ٣٦٣.

٤٠. محمد باقر الصدر: المصدر السابق،صـ٤٧.

٤١. المصدر نفسه، صـ٤٨ ومابعدها.

٤٢. فتحي يكن: الشباب والتغير، صـ١١، الطبعة الرابعة عشر، ١٩٩٣.

٤٣. عبدالحميد صديقي: المصدر السابق، صـ٩٠.

٤٤. عمادالدين خليل: المصدر السابق، صـ٤٥.

٤٥. جورج بليخانوف: نقد نقادنا ردود على متنقدى النظرية المادية التاريخية في تطور المجتمعات، صـ٧ ومابعدها، ترجمة: جورج طربيشي، الطبعة الاولى، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧٩.

٤٦. عبدالحميد صديقي: المصدر السابق، صـ٩٢.

٤٧. احمد محمود صبحي: المصدر السابق، صـ٢٣٤.

٤٨. المصدر نفسه، صـ٢٤٢.

٤٩. عبدالحميد صديقي: المصدر السابق، صـ٩٣.

٥٠. عمادالدين خليل: المصدر السابق، صـ٥٢ ومابعدها.

٥١. مەسعود محەمەد: بۆ ئەميرى حەسەن پوور لەهەركوێيەك بێت، لـ٨٤ ودواتر، دار الحريه للگباعه، بغداد، ١٩٨٤.

٥٢. هاشم يحيى الملاح وآخرون: دراسات في فلسفة التاريخ، صـ١٥٣، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٨٨م.

٥٣. مەسعود محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، لـ٨٢.

٥٤. هەمان سەرچاوە، لـ٨٨.

٥٥. هەمان سەرچاوە، لـ٩٣.

٥٦. هەمان سەرچاوە، لـ٦٣.

٥٧. عبدالحميد صديقى: المصدر السابق، صـ١٠٢ ومابعدها.

٥٨. مەسعود محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، لـ٣٤.

٥٩. نعمان عبدالرزاق السامرائي: تفسير التأريخ، صـ١٢٨ ومابعدها، الطبعة الآولى، مكتبة المعارف للنشروالتوزيع، الرياض، ١٤١٤- ١٩٩٣.

٦٠.عەلى عيزەت بيگۆڤيچ: ئيسلام لەنێوان رۆژهەلآت ورۆژئاوادا، لـ٣٩٩ ودواتر، وەرگێرانى، محمدچيا، چاپى دووەم، ناوەندى رۆشنبير، سلێمانى، ٢٠٠٢ز.

٦١. هەمان سەرچاوە: لـ٤٠١.

٦٢. احمد محمود صبحى: المصدر السابق، صـ٢٤٢ وما بعدها.

٦٣. عەلى عيزەت بيگۆڤيچ: سەرچاوەی پێشوو، لـ٤٠٤ ودواتر.